
ژوری توێژینەوەی سیاسی
بزوتنەوەی گۆڕان

# هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیا

## 31 ئازاری 2019



ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 00964(0)7725047120 & 00964(0)7481505010
Email: research.gorran@gmail.com

ئازاری ٢٠١٩

گەیلان عەباس

# هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیا

## ( ٣١ ئازاری ٢٠١٩ )

## نوسین و ئامادەکردنی : گەیلان عەباس

**ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان**
**Tel: 00964(0)7725047120 & 00964(0)7481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**
**ئازاری ٢٠١٩**

پێرست

پێشەکی ........................................ ٢
چەند زانیارییەک دەربارەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٣١ ئازاری ٢٠١٩ ........................................ ٥
پارتە بەشدارەکانی ئەم هەڵبژاردنە ........................................ ٨
مێژوی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا و بەشداری پارتە کوردییەکان ........................................ ١٠
ئەنجامی هەڵبژاردنە شارەوانیەکەی ٣٠ ئازاری ٢٠١٤ ........................................ ١٣
یەکێتی پارتە کوردییەکان بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ........................................ ١٣
دۆخی ئێستای شارەوانییەکانی باکوری کوردستان ........................................ ١٥
ناسنامەی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە- HDP) ........................................ ١٧
هەدەپە و ئامانجی هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی ٢٠١٩ ........................................ ٢٠
ئاستەنگەکانی بەردەم بانگەشەی هەڵبژاردنی هەدەپە ........................................ ٢٣
قەیوم و بەربەستەکانی بەردەم کوردو هەدەپە لە ئایندەدا ........................................ ٢٦
لیستی ناوی کاندیدانی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان ........................................ ٢٩
تەکتیک و تایبەتمەندی هاوپەیمانێتییەکانی هەڵبژاردن ........................................ ٣١
بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتە سەرەکییەکانی تورکیا ........................................ ٣٦
گرنگی هەڵبژاردنی شارەوانی٢١ی ئازاری ٢٠١٩ بۆ پارتە سیاسیەکان ........................................ ٤٠
تایبەتمەندی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢١ ئازاری ٢٠١٩ ........................................ ٤١
گرنگی ئیستەنبوڵ لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیادا ........................................ ٤٦
ئامارو راپرسییەکان ........................................ ٤٩
ئەنجام ........................................ ٥٣
سەرچاوەکان ........................................ ٥٧

## پێشەکی

بڕیارە ڕۆژی ٣١ی ئازاری ٢٠١٩ نۆزدەیەمین خولی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا بەڕێوەبچێت. ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە یەکەم هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کە لەژێر سایەی سیستەمی سەرۆکایەتیدا ئەنجام دەدرێت. ئەم خاڵەش سیماو تایبەتمەندییەکی جیاوازی بەم هەڵبژاردنە بەخشیوە، بەراورد بە هەڵبژاردنە شارەوانیەکانی تورکیا لە خولەکانی رابردودا.

هەڵبژاردنە شارەوانی و خۆجێییەکانی تورکیا پێنج ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێن، لەم هەڵبژاردنەشدا ١٢ پارتی سیاسی و ژمارەیەک کاندیدی سەربەخۆ کێبرکێ دەکەن، بۆ بەدەستهێنانی  زۆرترین سەرۆکی گەورە شارەوانیەکان، شارەوانی شارەکان، ئەنجومەنی شارەوانییەکان و بەرپرس و موختاری ناوچەکان لە تەواوی پارێزگاکانی تورکیادا.

ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا چاوەڕوان دەکرێت، ئەوەیە لەکۆی دوازدە پارتی بەشداری ئەم هەڵبژاردنە، پێدەچێت پێنج پارتی سەرەکی و گەورەی تورکیا کە نوێنەریان لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا هەیە، ئەوانیش هەریەک لە (ئاکپارتی، جەهەپە، هەدەپە، مەهەپە، ئیی پارت)، بتوانن براوەی سەرەکی هەڵبژاردنەکان بن، بەتایبەت لەو پارێزگاو شارو ناوچانەی کە پێگەی بەهێزیان هەیە، لەروی پشتیوانی جەماوەرییەوە، تا زۆرترین پۆستە ئیداری و کارگێرییەکانی ئەو ناوەندانە بەدەست بهێنن. کێبرکێی توندی ئەم هەڵبژاردنە، بەتایبەت لەسەر ئاستی شارەوانیە گەورەکانی تورکیا (ئەنقەرە، ئیستەنبوڵ و ئیزمیر ...)، پاڵنەری سەرەکی بو بۆ ئەوەی پارتە بەهێزەکانی تورکیا لە بەشێکی زۆری شارەوانییە گەورەکانی تورکیادا بە (هاوپەیمانی هەڵبژاردن) کێبرکێی یەکدی بکەن. لەم پێناوەشدا دوو ئاراستەی هاوپەیمانی لەم هەڵبژاردنانەدا پێکهاتن. ئەوانیش (هاوپەیمانی گەل: کە پێک هاتوە لەهەردو پارتی ئاکپارتی و مەهەپە)، لەبەرامبەریشدا (هاوپەیمانی میللەت)ی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا بەتایبەت (جەهەپە و ئیی پارت ...) دروستبوو. هەدەپەش وەک نوێنەری پارتە کوردییەکان، بەدیاری نەکردنی کاندید لەسەر ئاستی سێ شارەوانیە گەورەکەی تورکیاو چەند شارەوانیەکی دیکەی رۆژئاوای تورکیا، بە ناراستەوخۆ پشتیوانی لە هاوپەیمانی میللەت دەکات دژ بەهاوپەیمانی گەلی ئەکەپەو مەهەپە. ئەمەش ئەوکاتە بەتەواوەتی دەرکەوت کە سەرکردایەتی هەدەپە پوختەی ستراتیژی خۆیان بۆ ئەم هەڵبژاردنە لە دیرێکدا کورتکردەوەو رایانگەیاند" ئامانجمان لەم هەڵبژاردنانەدا بردنەوەی باکوری

کوردستان و شکستهێنانە بە هاوپەیمانی گەل لە ڕۆژئاوای تورکیا". ئەم ستراتیژەش بەو هیوایە دارێژراوە کە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا بتوانێ، شکست بەبەرەی ئەکەپەو مەهەپە بهێنێت. ئەگەر لە ئاستێکی دیاریکراویشدا بێت. بەتایبەت لەسەر ئاستی سێ گەورە شارەوانی تورکیا (ئەنقەرەو ئیستەنبوڵ و ئیزمیر)، ئەوەش لەپێناو کاڵکردنەوەی هەژمونی ١٧ ساڵی سیاسی و حکومڕانی ئەکەپە بەسەر تەواوی تورکیادا.

لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانی ساڵی ٢٠١٤دا کوردانی باکور-تورکیا، توانیان لەرێگەی هاوپەیمانی (بەدەپەو هەدەپە)ەوە، رێژەی ٦٪ دەنگەکانی تورکیا بەدەست بهێنن، بەو ئەنجامەش بەدەپە لەباکوری کوردستان توانی ١٠٢ شارەوانی شارو ناوچەو پۆستی ئیداریی جیاوازەکان بەدەستبهێنێت. بەڵام دواتر پاش تێکچونی بارودۆخی ناوخۆی تورکیا لەدوای ساڵی ٢٠١٥ و دروستبونەوەی شەڕ لەنێوان پەکەکەو حکومەتی تورکیا لەسنوری کوردستان، هاوتای دروستبونی داعش لەسوریا وعێراق، لەگەڵ روداوی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەرنەکەوتوو لە تورکیا، هاتنە ئارایی باری نائاسایی و ئۆپەراسیۆنی تیرۆر...) هۆکاربون، بۆ دەستێوەردانی حکومەتی ئەنقەرە لەکاروباری شارەوانیەکانی باکور و دەستگیرکردن و لادانی نزیکەی ٩٦ سەرۆک شارەوانی بەدەپەو کورد بەپاساوی پشتیوانی لە تیرۆرو پەکەکە. دواتر پڕکردنەوەی شوێنەکانیان بە نوێنەرانی حکومەت کە بە(قەیوم) ناسران.

لەم هەڵبژاردنەشدا زۆرینەی پارتە کوردییەکانی باکور، (پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە)یان کردوەتە نوێنەری خۆیان، دەخوازن لەرێگەی هەدەپەو زۆرترین شارەوانیەکانی باکور بەدەستبهێنن و ئەو ناوچانەش کە قەیومەکان دەستیان بەسەردا گرتوە، شەرعیەتی هەڵبژاردنی بۆ بگێڕنەوە.

بەم جۆرە چاوەڕوان دەکرێت قۆناغی دوای هەڵبژاردنە شارەوانیەکانی تورکیا، بۆ تورکیا بەگشتی و بۆ کوردەکانی تورکیا بەتایبەتی، قۆناغێکی هەستیار و چارەنوسساز بێت. بەو پێیەی دوای گۆرینی سیستەمی سیاسی تورکیا، سەرۆک کۆماری تورکیا لەسایەی سیستەمی سەرۆکایەتیدا بوو بە خاوەن دەسەڵاتێکی زۆر، لەبەرامبەردا پەرلەمانی تورکیا دەسەڵاتەکانی سنوردارکران. ئەمەش وایکرد کە سەرۆک کۆماری تورکیا ببێتە سەنتەری دەسەڵات لە تورکیادا. تەنانەت لە ئێستادا سەرۆک کۆمار دەتوانێ بەبێ گەرانەوە بۆ هیچ دەسەڵاتێکی دیکەی تورکیا، دەست بخاتە کاروباری ناوخۆی شارەوانیەکان. بەم پێیەش

هەرکات بە پێویستی زانی، دەتوانێت سەرۆک شارەوانیە هەڵبژێردراوەکان بانگێشتی لێکۆڵینەوە بکات و لەسەر کار لایان بدات و قەیوم بخاتە جێگەیان. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا لە حاڵەتی دوبارە لابردنی سەرۆک شارەوانیە هەڵبژیردراوەکانی کورد لەباکور، پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە هەڵوێستی چی دەبێت؟ بەتایبەت کە لە ئێستادا چاوەڕوان دەکرێت بەراورد بە هەڵبژاردنە شارەوانیەکانی ٢٠١٤ هەدەپە بتوانێ لەدەنگەکانی بەدەپە زیاتر بهێنێ و ژمارەی شارەوانیەکانی کورد لەباکورو تورکیا بۆ سەرو ١٢٠ شارەوانی بەرزببێتەوە. بێگومان بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێت چاوەروانی دەرئەنجامی هەڵبژاردن بین و لەوێوە دەتوانین پێشبینی دۆخی داهاتوی تورکیا بکەین. بەوپێیەی ئەگەر بێت و هاوشێوەی ١٧ ساڵی رابردو لەم هەڵبژاردنەشدا ئەکەپە بتوانێ بەردەوام بێت لە سەرکەوتنەکانی بەرامبەر هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئەوا چوار ساڵی داهاتوو بۆ هەدەپەو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە، چوار ساڵی قورس و پڕ لە ململانێ و ئاڵۆزی و کێشمەکێشی سیاسی دەبێت، بەتایبەت لەسایەی حوکمی سیستەمی سەرۆکایەتی ئاکپارتیدا. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هەدەپەو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا لەم هەڵبژاردنەدا بتوانن، بەشێوەیەک لەشێوەکان، گەر لەئاستێکی رێژەیشدا بێت شکست بە ئەکەپە بهێنن، بەتایبەت (لەپارێزگاکانی باکوری کوردستان و ئیستەنبوڵ و ئەنقەرەو ئیزمیر)، ئەوکات دەکرێت چاوەڕوانی کرانەوەو گۆرانکاری و قۆناغێکی جیاوازی سیاسی ببین، بۆ تورکیا لەچوار ساڵی داهاتودا.

پشت بەست بەوەی باسکرا، لەمیانەی ئەم راپۆرتە شیکارییەدا هەوڵدەدەین لەسەر کۆمەڵێک بابەت بوەستین و شیکاریان بکەین، بەم جۆرە (هەڵبژاردنەکانی شارەوانی چییەو گرنگی و تایبەتمەندی ئەم هەڵبژاردنە لە چیدایە؟ ئەو پارتە سیاسیانە کامانەن کە بەشداری لەهەڵبژاردنە شارەوانیەکەی ٣١ ئازاری ٢٠١٩ دا دەکەن؟ بەرنامەو مانیفێستی هەڵبژاردنی پارتە سەرەکیەکانی تورکیا جەخت لەسەر چی دەکەنەوە؟ بۆچی پارتە سیاسیەکانی تورکیا لەم هەڵبژاردنەدا پەنایان بۆ هاوپەیمانی هەڵبژاردن برد؟ گرنگی شارەوانیە گەورەکانی تورکیا بەگشتی و شارەوانی ئیستەنبوڵ بەدیاریکراوی چییە لەم هەڵبژاردنەدا؟ کوردەکان چۆن خۆیان بۆ ئەم هەڵبژاردنە ئامادەکردوە؟ هەدەپە ئامانجی چییە لەم هەڵبژاردنەدا؟ ئەی بەربەستەکانی بەردەمی هەدەپە چی دەبن لە قۆناغی داهاتوی تورکیادا؟ پێشبینی راپرسییەکان چییە بۆ دەنگی پارت و کاندیدەکان لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیادا؟

ئەمانەو چەند پرسێکی دیکە...)، بەو ئامانجەی لەمیانی ئەم راپۆرتە شیکارییەدا بتوانین گفتوگۆی تێروتەسەلیان لەبارەوە بکەین.

## چەند زانیارییەک دەربارەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٣١ ئازاری ٢٠١٩

- ✓ لە مێژوی کۆماری نوێی تورکیادا ١٨ جار هەڵبژاردنی شارەوانی- خۆجێی لە تورکیادا بەرێوەچووە. یەکەمین هەڵبژاردنی شارەوانی لە ساڵی ١٩٣٠ ئەنجامدراوە، دواهەمین هەڵبژاردنی شارەوانیش لەساڵی ٢٠١٤دا.
- ✓ هەڵبژاردنی ٣١ ئازاری ٢٠١٩ بە نۆزدەیەمین هەڵبژاردنی شارەوانی لە تورکیادا هەژمار دەکرێت.
- ✓ هەڵبژاردنی شارەوانی لە تورکیادا، پێنج ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت، ماوەی ئەم خولەش تا ساڵی ٢٠٢٤ بەردەوام دەبێت.

تورکیا لەڕوی ئیدارییەوە پێک هاتووە لە ٨١ پارێزگا. ئەو پارێزگایانەش دابەشبون بەسەر (٣٠ شارەوانی گەورە- میترۆپۆڵ[١]) و (٥١ شارەوانی شارەکان - هەرێمەکان). شارەوانی شارەکانیش بەو واتایەی هەموو پارێزگایەک شارەوانیەکی بچوکی خۆی دەبێت، کە پلەیەک بچوکترە لە شارەوانی گەورەی پارێزگا گەورەکان. شارەوانیە گەورەکانی تورکیا بریتین لە (ئەنقەرە، ئیستەنبوڵ، ئیزمیر، تەکیرداغ، بالک ئەسیر، بۆرسە، کۆجا عەلی، سەقاریا، ئەسکی شەهیر، مانیسا، ئامەد، وان، ماردین، ئایدین، موغلا، ئەنتاڵیا، دەنیزەلی، قۆنیە، مەرسین، قەهرەمان مارش، قەیسەری، ئاردۆ، مەلاتیا، سامسۆن، غازی عەنتاب، ئورفە، تابزۆن، ئەرزرۆم، وان و هاتای).

- ✓ لەم هەڵبژاردنەدا ١٢ پارتی سیاسی و چەند کاندیدێکی سەربەخۆ، لە تەواوی تورکیادا کێبرکێ دەکەن، لەسەر: سەرۆکی ٣٠ شارەوانی شاری گەورەو ٥١ شارەوانی شارەکان، لەگەڵ ١٣٥١ ناوچە و ١٢٥١ ئەندامی ئەنجومەنی هەرێم- ویلایەت و ٢٠٥٠٠ ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی.

---


[١] **شارەوانی گەورە بە تورکی پێی دەوترێت büyükşehir belediyeleri شارەوانییە گەورەکان لە تورکیا بە گوێرەی یاسای ژمارە ٥٢١٦ رێکخراوە. شارەوانی گەورە ئەو پارێزگایانە دەگرێتەوە کە ژمارەی دانیشتووانیان ٧٥٠ هەزار کەسە و لە رووی ئیدارییەوە زیاتر لە سێ شارۆچکەیان پێوە پابەندە. پارێزگاکانی دیکەش کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمە پێیان دەوترێ شارەوانی شارەکان بە تورکی ilçe واتە هەرێمەکان.**

- ✓ لەم هەڵبژاردنەدا ٥٧ ملیۆن و ٧٨ هەزارو ٤٦١ کەس مافی دەنگدانیان هەیە. هاوکات ١ ملیۆن و ٢٠٠ هەزارو ٣٩٢ کەسیش یەکەمجارە بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکەن.
- ✓ ژمارەی پێشبینیکراوی سندوقەکانی دەنگدان لەتەواوی پارێزگاکانی تورکیادا بە ١٩٤ هەزار و٧١٥ سندوق خەملێندراوە.
- ✓ جیاواز لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا، لەهەڵبژاردنی شارەوانیدا (بەربەستی هەڵبژاردن ١٠%) بونی نییە. بەواتایەکی دیکە لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا هەر کاندیدێک بتوانێت زۆرترین ڕێژەی دەنگی دەنگدەرانی شارێک بە دەست بهێنێت، دەبێتە سەرۆکی شارەوانی ئەو شارو ناوەندە
- ✓ لە شارەوانیە گەورەکانی تورکیادا هاوڵاتیان چوار دەنگ دەدەن، بەم جۆرە: سەرۆکی گەورە شارەوانی، سەرۆکی شارەوانی ناوچەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی، موختارەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی شارۆچکە و ناوچەکان - المخترە). لە شارەکانی دیکەش چوار دەنگ دەدەن بۆ (سەرۆک شارەوانی و ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی، ئەنجومەنی گشتی ویلایەت، موختارەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی شارۆچکەو ناوچەکان) لە گوندەکانیش دوو دەنگ دەدەن (ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی ویلایەتەکان، موختارەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی ناوچەو گوندەکان).
- ✓ ئەو کارتانەی دەنگدان کە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی گەورە شارەوانییەکان بەکاردەهێنرێن ڕەنگی (سپییە)، بۆ شارەوانی شارۆچکەکان ڕەنگی (شینە)، ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی ویلایەتەکان (پرتەقاڵییە)، بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی ڕەنگەکە (زەردە).
- ✓ لە کارتەکانی دەنگداندا ریزبەندی ناوی کاندیدانی پارتە سیاسییەکان بەپێی ئەو تیروپشکەی کە پێشتر کراوە دانراوە، تیایدا ناوی پارتەکان و هێماکانیان هەیە. لە کۆتایی کارتەکانیشدا ناوی کاندیدانی سەربەخۆ هەیە.
- ✓ دەنگدەران مۆرێك بۆ دەنگدان بەکاردەهێنن کە لەسەری نووسراوە (بەڵێ). جگە لە مۆر هیچ نووسینێك لەسەر کارتەکان نانووسرێت. کارتەکانی دەنگدان بۆ یەك زەرف بەکاردەهێنرێت. زەرفەکانیش دەخرێنە سندوقی شەفافەوە.
- ✓ کاتی دەنگدان لە شارەکانی (ئادیامان، ئاگری، ئارتڤین، بینگۆل، بەدلیس، ئامەد، ئەلعەزیز، ئەرزنجان، ئەرزەڕۆم، عەنتاب، گیرەسون، گوموشخانە، هەکاری، قارس،

مالاتیا، قەهرەمان مارش، ماردین، مووش، ئۆردو، ریزە، سێرت، سیواس، ترابزۆن، دێرسم، ئورفا، وان، بایبورت، باتمان، شرناخ، ئەردەخان، ئیدر و کلیس) لە کاتژمێر ٧ بەیانی بۆ ٤ ئێوارە دەبێت. لە شارەکانی دیکەش کاتی دەنگدان لە کاتژمێر ٨ بەیانی دەستپێدەکات و تا ٥ ئێوارە بەردەوا دەبێت.

- ✓ لەگەڵ کۆتایهاتنی ماوەی دەنگدان، پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان دەست پێ دەکات و سندوقەکان دەکرێنەوە.
- ✓ جیاکردنەوەو هەژمارکردنی کارتی دەنگەکان لەسەر بنەمای ئەم ریزبەندییە دەبێت (سەرۆکایەتیی گەورە شارەوانی، سەرۆکایەتیی شارەوانی، ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی و موختارەکان) .






نمونەی کارتەکانی دەنگدانی هەڵبژاردنی شارەوانی 31 ئازاری 2019


## پارتە بەشدارەکانی ئەم هەڵبژاردنە

بە پێی ڕاگەیەندراوی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بۆ هەڵبژاردنە شارەوانییەکانی تورکیا ١٢ پارتی سیاسی دەتوانن بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، ئەو پارتانەش بریتین لە:

(پارتی دادوگەشەپێدان- AKP ، پارتی تورکیای سەربەخۆ- BTP ، پارتی یەکێتیی گەورە- مەزن- BBP ، پارتی کۆماری گەل- CHP ، پارتی دیموکرات- DP ، پارتی چەپڕەوی دیموکرات - DSP ، پارتی دیموکراتی گەلان- HDP ، پارتی چاک- پارتی باش- İP ، پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست- MHP ، پارتی سەعادەت - SP ، پارتی کۆمونیستی تورکیا- TKP ، پارتی وەتەن پارتی نیشتیمان- (VP

خاڵێک کە لێرەدا شیاوی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە، کە راستە ئەم ١٢ پارتە مافی بەشداریکردنیان هەیە لە هەڵبژاردنە شارەوانیەکاندا، بەڵام سەرجەمی پارتەکان لەسەر ئاستی تەواوی پارێزگاو شارەکانی تورکیا کاندیدیان نییە. بۆ نمونە (ئەکەپە و جەهەپە) لە زۆرینەی پارێزگاکاندا وەک یەکەم و دوەم گەورەترین پارتی تورکیا کاندیدیان هەیە. بەڵام پارتەکانی دیکە بەتایبەت (هەدەپەو مەهەپەو ئیی پارت و پارتی سەعادەت)، کە لە ریزبەندی سێهەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم گەورەترین پارتی تورکیادان، لە تەواوی شارەکانی تورکیادا کاندیدیان نییە.

لای خۆیەوە هەدەپە زیاتر تیشکی خستوەتە سەر پارێزگا کوردییەکان و بەشی رۆژهەڵات و باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا. لەبەرامبەردا لەپارێزگای ئەستەنبوڵ بۆ شارەوانی گەورەی ئەو شارە کاندیدی نییە، ئەمەش بۆ مەهەپەو ئیی پارت و پارتەکانی دیکەش هەر راستە. واتە پارتەکان زیاتر تیشکیان خستوەتە سەر ئەو زۆنانەی هەڵبژاردن کە ناوەندی دەنگدەرانی خۆیانە و لە زۆنەکانی دیکە بریاریان داوە دەنگ بدەن بە کاندیدی پارتەکەی دیکە، کە بە ناراستەوخۆ و نافەرمی هاوپەیمانی یەکدین.



## مێژوی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا و بەشداری پارتە کوردییەکان

لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ تاساڵی ٢٠١٤ هەژدە جار هەڵبژاردنی شارەوانی لە تورکیادا ئەنجامدراوە. یەکەمین هەڵبژاردنی شارەوانیی تورکیا لە ساڵی ١٩٣٠ ئەنجامدرا و پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکە بوو. دواهەمین هەڵبژاردنی شارەوانیش لە ٣٠ ئازاری ٢٠١٤ ئەنجامدراو پارتی دادو گەشەپێدان (ئەکەپە) براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکە بوو.

لە ساڵی ١٩٣٠ تا ساڵی ١٩٥٠ هەڵبژاردنی شارەوانی چوار ساڵ جارێک ئەنجام دەدرا. بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٥٠ ماوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان کرا بە پێنج ساڵ جارێک. لەدوای ئەنجامدانی یەکەم کودەتای سەربازی لە تورکیا لە ساڵی ١٩٦٠ هەڵبژاردن بۆماوەی ٣ ساڵ دواخرا. جارێکیش لەساڵی١٩٧٧ دا هەڵبژاردنی شارەوانی ساڵێک پێشخرا. دواجاریش کە هەڵبژاردن دواخرا، لەدوای کودەتای ساڵی ١٩٨٠ بوو، کە هەڵبژاردن بۆ ماوەی دوو ساڵ دواخرا. جگە کەم کاتانە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی تورکیا لەکاتی خۆیاندا ئەنجامدراون، بەم شیوەیەی خوارەوە:

(١٩٣٠/١٩٣٤/١٩٣٨/١٩٤٢/١٩٤٦/١٩٥٠/١٩٥٥/١٩٦٣/١٩٦٨/١٩٧٣/١٩٧٧/١٩٨٤/١٩٨٩/١٩٩٤/١٩٩٩/ ٢٠٠٤/٢٠٠٩/٢٠١٤ ... ٢٠١٩).

یەکەم هەوڵی بەشداری سیاسی بزوتنەوەی کورد لە خەباتی سیاسی و مەدەنی تورکیا لەرێگەی پارتی (بزوتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکرات - دەپ)ەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٠دا. وەک یەکەم پارتی دانپێدانراو لە تورکیادا.

بەڵام دوای ٣ ساڵ کارکردن ئەو پارتە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە داخرا، بەدوای ئەوەدا لەساڵی ١٩٩٣ پارتی (رەنجی گەل - هەپ)یان دروستکرد، بەڵام ئەم پارتەش دوای ساڵێک لەدامەزراندنی لەساڵی ١٩٩٤دا و بەماوەیەک پێش هەڵبژاردنە شارەوانیەکان داخرا. لەبەر نەبونی پارتی سیاسی لەوکاتەدا چالاکانی کورد لەباکوری کوردستان و تورکیا بە پاڵێوراوی سەربەخۆ، یان بە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتێکی تردا، بەشداریان لەهەڵبژاردنە شارەوانییەکاندا کرد.

کورد بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٩٩ و لەرێگەی (پارتی دیموکراتی گەل- هادەپ) بەشداری لەهەڵبژاردنی ١٨ی نیسانی ١٩٩٩ی شارەوانییەکانی تورکیای کرد. هادەپ ١ ملیۆن و ١٠٠ هەزار دەنگی بەدەستهێناو توانی ٣٧ شارەوانی باکوری کوردستانی بەدەستبهێنێت و بەو ئەنجامەش هادەپ بوو بە حەوتەمین پارت لەروی پێگەی جەماوەری لەسەرتاسەری تورکیادا.

(پارتی دیموکراتی گەل- هادەپ) لە ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن دادگای دەستوری تورکیاوە بڕیاری داخستنی درا. بەو هۆیەشەوە، (پارتی گەلی دیموکرات -دەهەپە) کە ساڵی ١٩٩٧ دامەزرابوو، جێگەی هادەپی گرتەوە.

لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ٢٨ی ئازاری ٢٠٠٤ی شارەوانییەکانی تورکیادا کوردەکان لەرێگەی پارتی (دەهەپە) و بەهاوپەیمانی لەگەڵ پارتی (سۆشیال دیموکراتی گەل) بەشداری هەڵبژاردنیان کردو پێکەوە ١ ملیۆن و ٦٦٠ هەزار دەنگیان بەدەستهێنا، ئەمەش بەرامبەر بوو بە بەبردنەوەی و ٦٤ سەرۆکایەتی شارەوانی، بەم ئەنجامەش (دەهەپە) بوو بە شەشەم پارتی تورکیا لەروی پێگەی جەماوەرییەوە.

پارتی (دەهەپە) بەهەمان سیناریۆی پارتە کوردییەکانی پێش خۆی لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٤دا داخرا. دواتر لە رێکەوتی ٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥دا، (پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی -دەتەپە) یان دامەزراند. دەتەپە لەهەڵبژاردنی ٢٩ی ئازاری ٢٠٠٩دا، بەشداریی لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانیان کرد. لەم هەڵبژاردنەدا دەتەپە ٢ ملیۆن و ٢٧٧ هەزار دەنگی بەدەستهێناو ٩٦ سەرۆکایەتی شارەوانییان لە تورکیادا بردەوە، کە سەرجەمیان شارەوانیەکانی سنوری باکوری کوردستان بون. بەم ئەنجامەش (دەتەپە) بوو بە چوارەم پارتی تورکیا لەروی پێگەی جەماوەرییەوە.

دوای دوو ساڵ لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٩ دا بەهەمان شێوەی پارتە کوردییەکانی دیکەو بە بریاری دادگای دەستوری تورکیا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتەپە) بڕیاری داخستنی درا. بەو هۆیەشەوە چالاکانی کورد رویانکردە (پارتی ئاشتیو دیموکراسی -بەدەپە)، ئەمیش پارتێکی دیکەی کوردی بوو لە ساڵی ٢٠٠٨دا دامەزرابوو.

لە دوایەمین هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیادا کەلە ٣٠ی ئازاری٢٠١٤دا بەرێوەچوو، کوردەکان لەرێگەی (بەدەپە لە سنوری باکوری کوردستان) و (هەدەپە- لە رۆژئاوای تورکیا) بەشدارییان

کردو توانیان ٢ ملیۆن ٧٣٩ هەزار دەنگ بەدستبهێنن، ئەمەش بەرامبەر بوو بەرێژەی ٦%  دەنگەکان و بردنەوەی ١٠٢ شارەوانی. کە سەرجەمیان شارەوانییەکانی سنوری باکوری کوردستان بون و سیستمی هاوسەرۆکیان بۆ یەکەمجار تیایدا جێگیرکرد.

بەڵام دوابەدوای کودەتا شکستخواردوەکەی ساڵی ٢٠١٦ لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی دژ بە تیرۆر هەڵمەتی گرتن و دورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکان دەستی پێکرد، لەو چوارچێوەیەشدا نزیکەی ٦٨ سەرۆک شارەوانی دەستگیرکران و ٩٤ شارەوانیش دەستیان بەسەرداگیراو لەجێگای سەرۆک شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان، قەیومەکانی حکومەت دامەزرێندران.

بەم شێوەیەش دەتوانین بڵێین کوردەکانی باکوری کوردستان بەشدارییان لە چوار هەڵبژاردنی شارەوانیدا کردووە، لەرێگەی پارتە سیاسییە کوردییەکانەوە. هەڵبژاردنی ٣١ی ئازاری ٢٠١٩ دەبێتە پێنجەم ئەزمونی بەشداری کورد لە هەڵبژاردنە شارەوانیەکاندا.

لەم هەڵبژاردنەدا (پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە) نوێنەرایەتی زۆرینەی کوردەکانی باکوری کوردستان دەکات، ئەم پارتەش لەساڵی ٢٠١٢دا دامەزراوەو لە ئێستادا سێهەم گەورەترین پارتی توکیایە لەپەرلەمانی تورکیا کەخاوەنی ٦٧ کورسی پەرلەمانییە. لەم هەڵبژاردنەدا هەدەپە بوەتە نوێنەری زۆرینەی پارتە کوردییەکانی باکوری کوردستان ئەوەش پاش ئەوەی حەوت پارتی کوردی لەباکوری کوردستان بڕیاریاندا، لەم هەڵبژاردنەدا بە لیستی جیا بەشداری نەکەن و دەنگەکانیان بخەنە پاڵ هەدەپە، لەپێناو بەدەستهێنانی زۆرترین شارەوانی لە تورکیاو باکوری کوردستاندا.

**ئەو پارتە کوردییانەی بەشداری هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیایان کردوە لە ساڵی 1999 تا 2019**



## ئەنجامی هەڵبژاردنە شارەوانیەکەی ٣٠ ئازاری ٢٠١٤

ڕێکەوتی ٣٠ ئازاری ساڵی ٢٠١٤ هەژدەیەمین هەڵبژاردنی شارەوانی لە تورکیادا بە بەشداری ٢٦ پارتی سیاسی و چەند کاندیدێکی سەربەخۆ بەڕێوەچوو، ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش بەم جۆرە بوو:

| پارتە سیاسیە بەشدارەکانی هەڵبژاردنی شارەوانی ٢٠١٤ | ژمارەی دەنگەکانیان | ڕێژەی سەدی دەنگ | ژمارەی شارەوانی |
|---|---|---|---|
| پارتی دادو گەشەپێدان - ئەکەپە | ٢٠٥١٩٨٢٩ | %٤٥.٦ | ١٤٦٥ |
| پارتی گەلی کۆماری- جەهەپە | ١٢٥٣٣٣٩٨ | %٢٧.٨ | ٥١٦ |
| پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی –مەهەپە | ٦٨٦٠٤٩٣ | ١٥.٢ | ٤٨٧ |
| پارتی ئاشتی و دیموکراتی- بەدەپە + پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە | ٢.٧٣٩.٦٧٨ | %٦.١ | ١٠٢ |

## یەکێتی پارتە کوردییەکان بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان

بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارەی شارەوانییەکانی تورکیا، زۆربەی پارتە کوردییەکانی باکوری کوردستان، بڕیاریاندا پێکەوەو لە ژێر یەک نوێنەرایەتیدا بەشداربیکەن. لەم پێناوەشدا یەکێتییەکیان پێکهێناو بڕیاریاندا لەهەڵبژاردنەکانی ٣١ی ئازاری ٢٠١٩ پشتیوانی لە لیستی کاندیدانی (پارتی دیموکراتی گەلان – هەدەپە) بکەن.

ڕۆژی دوشەممە ٧-١-٢٠١٩ حەوت پارتی سیاسی باکوری کوردستان، بڕیاریاندا بەرابەرایەتی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) هاوپەیمانی هەڵبژاردن دروست بکەن و بە لیستێک بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی باکوری کوردستان و تورکیادا بکەن.

پارتە کوردییەکانیش بریتین لە (بزوتنەوەی ئازادی/ پارتی کۆمیونیستی کوردستان/ پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکی/ پلاتفۆرمی دیموکراتی کوردستان/ پارتی هەرێمە دیموکراتەکان/ پارتی مرۆڤ و ئازادی/ کۆمەڵەی شۆڕشگێری دیموکراتی کورد).

## لۆگۆی ئەو هەشت پارتە کوردییەی یەکێتیی هەڵبژاردنی شارەوانیان پێکهێنا




لەمەراسیمی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانێتیەکەدا (پەروین بوڵدان) هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە گوتی "چاوەڕوانی گەلەکەمان لە ئێمە ئەوەیە کە ئەم هاوپەیمانێتیە تەنیا بۆ کاتی هەڵبژاردن نەبێت، بەڵکو سەرەتایەک بێت لە بەردەم پێکهاتنی یەکێتی نەتەوەیی پێکهاتەسیاسییەکانی گەلی کورد لەتەواوی کوردستاندا"

لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیشدا پارتە کوردییەکانی باکور، نەخشە ڕێگای کارکردنیان لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتی و یەکێتی پارتە کوردیەکاندا بەم جۆرە خستەڕوو:

- ✓ کارکردن بۆ ڕێگری لە دوبارە پیادەکردنەوەی سیاسەتی قەیوم لەلایەن حکومەتی تورکیا و هاوپەیمانی (ئەکەپەو مەهەپە)وە.
- ✓ پاش گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی و کەمبونەوەی ڕۆڵ و دەسەڵاتی پەرلەمان، ئیتر دەسەڵاتە خۆجییەکانی تورکیا، دەتوانن بەرامبەر سیستەمی سەرۆکایەتی ڕۆڵێکی گرنگ بینن.

- ✓ روبەروبونەوەی هەموو بیرو هزرێکی توندڕەو بەرامبەر دۆزی نەتەوەی کورد. ئەوەش لەرێگەی بەهێزکردنی ئیرادەی یەکدەنگی کوردەوە.
- ✓ کارکردن بۆ بەهێزکردنی خەباتی مەدەنی و لاوازکردنی سیاسەتی پارتی دەسەڵاتدار، بەتایبەت ئەو سیاسەتە سەربازییانەی بەرامبەر گەلی کورد پیادەیان دەکات.

دواجار ئامانجی سەرەکی رێککەوتنی پارتە کوردییەکانی باکوری کوردستان بۆ دروستکردنی یەکێتییەکی نەتەوەیی کوردییە، بەتایبەتیش لە تورکیادا. لەپێناو روبەروبونەوەی فشارو سیاسەتەکانی دەسەڵاتی تورکیا. لەلایەکی دیکەش ئامانجی ئەم هاوپەیمانێتی و یەکێتییە بردنەوەی زۆرترین شارەوانی و دەرهێنانی شارەوانییەکانی باکوری کوردستانە لەژێر دەستی قەیومەکانی حکومەتی ئەنقەرە.

لەم چوارچێوەیەشدا بەرپرسانی هەدەپە رایانگەیاندووە، لەم هەڵبژاردنەدا بەو هیوایەوە بەشدار دەبن، کە سەرۆکایەتی شارەوانی زیاتر لە (١٢٠) شاری باکوری کوردستان بەدەستبهێنن و تەواوی شارەوانیە زەوتکراوەکانیش لەدەستی قەیومەکان دەربهێننەوە.

## دۆخی ئێستای شارەوانییەکانی باکوری کوردستان

پارتی دیموکراتیی هەرێمەکان (بەدەپە) لەهەڵبژاردنە شارەوانییەکانی ٣٠ئازاری ٢٠١٤، لەباکوری کوردستان بوو بە خاوەنی ١٠٢ سەرۆک شارەوانی. بەدەپە لەم هەڵبژاردنەدا شارەوانییەکانی (دێرسیم، ماردین، باتمان، جولەمێرگ، ئاگری، ئیدر، وان ، شرناخ وسێرتیو ٩١ ناوچەی تری) باکوری کوردستانی بردەوە سیستمی هاوسەرۆکیان تیایدا جێگیرکرد.

دوای چوار مانگ لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان، دادگای دەستوری تورکیاوە بریاری داخستنی بۆ بەدەپە دەرکرد. لەوکاتەدا دوبارە چالاکوانانی کورد بەشێکیان رویان کردە پارتی (پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان- دەبەپە) کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دروستکرابوو، بەشێکی دیکەشیان رویان لە پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە) کرد.

دوای هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی تورکیا لە شەوی ١٥ تەموزی ٢٠١٦دا، لە چوارچێوەی یاسای باری نائاسایی و پاش دەستگیرکردن و دورخستنەوەی لایەنگرانی بزوتنەوەی خزمەت لەسەرجەم دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا، کوردەکان کەوتنە نێو فۆکسی دەزگا ئەمنییەکانی تورکیاو دەستگیرکردن و سزادانی ئەندام و لایەنگرو پەرلەمانتارو سەرۆک شارەوانییە کوردەکان، دەستیپێکرد.

لەم نێوانەشدا ئەندام و لایەنگرانی هەردوو پارتی (دەبەپەو هەدەپە) کەوتنە بەر شاڵاوی دۆخی نائاسایی و ئۆپەراسیۆنەکانی هێزە ئەمنییەکانی تورکیا، بە پاساوی ئەندامێتی و لایەنگری کردنی پارتی کرێکارانی کوردستان پۆل پۆل لەسەرکارەکانیان دوردەخرانەوەو دەستگیرکران.

حکومەتی (ئاک پارتی)، سەرەتا دەستیکرد بەسیاسەتی دورخستنەوەو پەراوێزخستنی کورد لە کایەی سیاسی و پەرلەمانی تورکیادا. لەم چوارچێوەیەشدا بە پاساوی لایەنگری و هاوکاری پەکەکە هێزە ئەمنییەکانی تورکیا هەڵمەتێکیان دەستپیکرد بۆ دەستگیرکردنی پەرلەمانتارانی (پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە)، ئەوەبوو لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦، هەر یەکە لە سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکانی هەدەپە و ١٠ پەرلەمانتاری تری هەدەپە بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیرکران و بە ئێستاشەوە لەزینداندان.

دۆخەکە هەر لەم ئاستەدا نەوەستا، دوای چەند ڕۆژێک لە دەستگیرکردنی پەرلەمانتارەکانی هەدەپە دەستکرا بە دەستگیرکردنی سەرۆک شارەوانییەکان کورد لە باکوری کوردستان. ئەوەبوو لەماوەیەکی کەمدا نزیکەی ٥٩ هاوسەرۆک شارەوانی کورد لە باکور دەستگیرکران، کە ٢٥ هاوسەرۆکیان ئافرەت بون و بڕیاری زیندانیکردنیش بۆ ٧ هاوسەرۆکیان دەرکرا.

(ئەحمەد تورک) یەکەمین سەرۆک شارەوانی بوو کە لە ٢١ تشرینی دووەمی ٢٠١٦، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیرکرا. دەستگیرکردنی ئەحمەد تورک دوای ئەوە هات کە ڕۆژی ١٧ی تشرینی دووەم ناوبراو لە پۆستی هاوسەرۆک شارەوانی مێردین دوورخرابویەوە.

یەکەم شارەوانییش کە بەر ئەم ئەم شاڵاوە کەوت شارەوانی ئامەد بوو، لە شەوی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦دا هەریەک لە (گوڵتان کشاناک و فورات ئانلی) هاوسەرۆکانی شارەوانی ئامەد دەستگیرکران.

بەم شێوەیە حکومەتی تورکیا لەماوەی دوو مانگی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکان و پشت ئەستور بە درێژکردنەوەی یاسای باری نائاسایی، ٣٦ شارەوانیی لەژێر دەست نوێنەرانی کورد دەرهێناو لە جێگەی سەرۆک شارەوانیەکانی بەدەپە، بە نوێنەرانی حکومەت (قەیوم) ەکان پڕکرایەوە.

دوای هەڵمەتەکانی سێ ساڵی رابردوو حکومەتی تورکیا لەژێر یاسای باری نائاسایی و یاسای قەیومدا، نزیکەی ٩٦ شارەوانی باکوری کوردستانی لەژێر دەستی نوێنەرانی کورد دەرهێنا، لەناویاندا سێ شارەوانی گەورەی ئامەد، ماردین و وان. لەجێگەیان نوێنەرانی حکومەتی (قەیوم)ی دانا. ئەمە لە کاتێکدا بەپێی یاساکانی تورکیا سەرۆک شارەوانییەکان بە هەڵبژاردن لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن و نابێت وەک بەڕێوەبەری ناحیە، قائیمقام و پارێزگا لە لایەن حکومەت و وەزارەتی ناوخۆوە دابنرێن.

لە ئێستاشدا هەدەپە رایگەیاندووە کە ئەوان هەرچەندە لەژێر فشارێکی زۆردان، بەڵام لە هەڵبژاردنەکەی ٣١ ئازار، ئامانجیانە زۆرترین شارەوانیەکانی باکوری کوردستان بەدەست بهێنن و تەواوی ئەو شارەوانیانەش کە قەیومەکان داگیریان کردووە بیگەڕێننەوە بۆ گەل.

## ناسنامەی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە- HDP)

مێژوی دروست بون و راگەیاندنی ئەم پارتە دەگەرێتەوە بۆ رێکەوتی ١٥ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٢، وەك باڵێکی هاوبەشی پارتی ئاشتی و دیموکراتی کورد (بەدەپە)، کە ئەوکات نوێنەرایەتیان لەناو پەرلەمانی تورکیادا هەبوو. یەکەمین کۆنگرەی ئەم پارتە لە رێکەوتی ٢٧ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٣دا بەسترا.

لەروی ئایدۆلۆژییەوە ئەم پارتە بە پارتێکی (سۆسیال دیموکرات) لەقەڵەم دەدرێت، پابەندە بەدژایەتیکردنی سیستمی سەرمایەداری و جیاکاری و رەگەزپەرستی ئاینی و نەتەوەیی،

ڕێزگرتن و قبوڵکردنی جیاوازیەکان و پابەندبون بەبنەماکانی دیموکراتی، هاولاتیبون، یەکسانی، ئازادی و دادپەروەری.

یەکەم بەشداری فەرمی ئەم پارتە لەبواری سیاسیدا، دەگەرێتەوە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی ٢٠١٤، کاتێك کە بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی ئاشتی و دیموکرات (بەدەپە) بەشداریان کرد، بەدەپە لەپارێزگا کوردییەکانی باکوری کوردستان کاندیدی دەستنیشانکرد، هەدەپەش لەناوچەکانی دیکەی تورکیا کاندیدی دەستنیشان کرد بۆ شارەوانییەکان. دوا بەدوای هەڵبژاردنەکانیش هەردو پارت ریزەکانی خۆیانیان لەژێر پەیکەرێکی هاوبەشدا رێکخستەوە. ئەم هەنگاوە سەرەتا لەپەرلەمانەوە دەستیپێکرد، پاش ئەوەی فراکسیۆنێکی هاوبەشیان لەناو پەرلەماندا پێکەوەنا، پەرلەمانتارەکانی (بەدەپە) چونە پاڵ پەرلەمانتارەکانی (هەدەپە). بەم چەشنەش فراکسیۆنێکی ٣٥ ئەندامیان لەپەرلەمانی تورکیادا دروستکرد.



ئامانجە سیاسی و مەدەنیەکانی ئەم پارتە لەناو پەیرەو پرۆگرامی ناوخۆی پارتەکەدا رونکراوەتەوە، ئەم پارتە تێدەکۆشێت لەپێناو بەگژداچونەوەی گشت تایبەتمەندێتیەکی نەتەوەیی و رەگەزی، کاردەکات بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە و خۆشگوزەران لەسەر بنەمای یەکسانی بۆ سەرجەمی هاولاتیانی تورکیا، ئەوەش بە بەدیهێنان و هێنانە ئارای بنەماکانی دیموکراتی لەرێگەی سیستمێکی لیبراڵ و دیموکراتەوە.

ئەم پارتە وەك لەپەیرەوەکەیدا هاتووە بە پلەی یەکەم نوێنەرایەتی گشت ئەو چین و توێژانە دەکات کە لەتورکیادا ماف خوراو پەراوێزخراون و وەك هاولاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، دواتر کار بۆ بەرژەوەندی گشتی سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی تورکیا دەکات. هەرچەندە لەبنەرەتدا پێکهێنەرانی ئەم پارتە پێکهاتون لە کەسانی دیاری ناوچە جیاوازەکانی باکوری کوردستان، بەدیاریکراوی ئەوانەی کەپێشتر لەناو ریزەکانی پارتەکوردییەکانی وەک (دەتەپە و بەدەپە ...) کاریان کردووە، بەڵام هەر لەناونانیدا دەردەکەوێت پێکهێنەرانی ئەم پارتە خواستیان بۆ ئەوەبووە، هەدەپە جیاوازبێت لەئەزمونی پارتە کوردییەکانی رابردوو. واتە پارتێک بێت بۆ سەرجەم پیکهاتەکان، نەک تەنها پارتێکی کوردی بێت. ئەوە جگە لەوەی پێکهینەرانی هەدەپە بەردەوام هەوڵدەدەن لەگەڵ بارودۆخی هەمە چەشنەی کۆمەڵگای تورکیدا خۆیان بگونجێنن، بە جەختکردنەوە لەسەر دیموکرات کردنی کۆمەڵگا و بەرجەستەکردنی ماف و بەرژەوەندی کۆی گەلانی تورکیا.

لەلایەکی دیکەوە ئەم پارتە بە پارتێکی کوردی دەناسرێت و لای زۆرێکیش وەك کۆپی دووەمی پارتی ئاشتی و دیموکراتی کورد (بەدەپە) ناودەبرێت. بەڵام ئەمان رێرەوی چالاکیەکانیان تەنها لەباکوری کوردستاندا قەتیس نەکردوەو رویان لە ناوچە جیاوازەکانی خۆرئاوای تورکیاش کردووە. لای هەندێکی دیکە بە پارتێکی دیموکرات و هەندێکیش وەك پارتێکی چەپ و بەشێکیش لە باڵی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان ئاماژە و پێناسی دەکەن.

دواجار وەک خۆیان دەڵێن هەدەپە نوێنەری هەموو گەل و تاکە پەراوێزخراو، چەوساوە، زوڵملێکراوەکانی کۆمەڵگای تورکیایە، بەو پێودانگەی ئەم پارتە چەندی نەتەوەو رەگەزی جیاوازی وەک (کورد، تورک، عەرەب، لاز، چەرکەس، ئێزدی، ئەرمەنی ... و دەیان رێکخراوی

سیاسی و مەدەنیی و سەندیکای پیشەوەری، کەسایەتی ئاینی و ئیسلامی و چەپ و ئازادیخواز، فێمینیست، ژینگەپارێزی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە.

لەم پارتەدا کار بەسیستمی هاوسەرۆك دەکرێت، واتە پارتەکە سەرۆکێکی پیاو سەرۆکێکی ژنی دەبێت و لەکاتی بەستنی کۆنگرەدا هەردوکیان هەڵدەبژێرێن. لەساتەوەختی دامەزراندنیەوە تا ئێستا هەدەپە هەشت رێبەری هەبووە چوار پیا و چوار ژن.

پاش دەستگیرکردنی هەریەک لە هاوسەرۆکانی پێشوی هەدەپە (سەلاحەدین دەمیرتاش) و (فیگەن یوکسەکداغ) لەساڵی ٢٠١٦، لە بەرواری ٢٠١٨/٢/١١ لەسێهەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی گەلان، هەریەك لە (سەزایی تەمەللی) و (پەروین بوڵدان) بە هاوسەرۆکی نوێی هەدەپە هەڵبژێردران.

هەدەپە لەماوەی چوار ساڵی رابردودا لە سێ هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بەشداریکردوەو توانیویەتی وەک یەکەم پارت لەمێژوی کوردانی تورکیادا بەربەستی 10% پەرلەمانی ببڕێت و بگاتە پەرلەمانی تورکیا. هەدەپە لەدواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیاشدا لە ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨ توانی 11.6% دەنگەکانی بەدەستبهێنێت، ئەمەش بەرامبەر بوو بە بەدەستهێنانی ٦٧ کورسی لە پەرلەمانی تورکیا. بەم ئەنجامەش هەدەپە بووە سێهەم گەورەترین پارتی سیاسی لەسەر ئاستی تورکیا.

## هەدەپە و ئامانجی هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی ٢٠١٩

ئەم هەڵبژاردنە بۆ هەدەپە هەڵبژاردنێکی جیاوازە، بەو پێیەی لە دۆخێکدا بەڕێوەدەچێت کە بەشێک لە سەرکردەو پەرلەمانتار و سەرۆک شارەوانیەکانی لە زینداندان و ئەو شارەوانیانەشی کورد لەساڵی ٢٠١٤ بەدەستی هێنابون زۆرینەیان لێسەندراوەتەوە.

هەدەپە لەم هەڵبژاردنەدا پشت بەست بە هاوپەیمانی حەوت لایەنی کوردی باکوری کوردستان، بڕیاری بەشداریکردنیداوە. بەو ئامانجەی بتوانێت زۆرترین شارەوانی لە تورکیادا بباتەوە. بەتایبەتیش لەسەر ئاستی باکوری کوردستان. هەدەپە ستراتیژی خۆی بۆ ئەم هەڵبژاردنە بەم جۆرە خستوەتە روو "بردنەوەی کوردستان و شکست هێنان بە هاوپەیمانی ئەکەپەو مەهەپە لە رۆژئاوای تورکیا".

هەدەپە ئەم هەڵبژاردنە بە هەڵبژاردنێکی گرنگ و چارەنوسساز دادەنێت، بەو پێیەی گۆرینی سیستەمی سیاسی تورکیا هۆکار بوو بۆ پەراوێزخستن و لاوازبونی ڕۆڵی پەرلەمانی ئەو وڵاتە، لە بەرامبەر بەرفراوانبونی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆماری تورکیا. لەبەر ئەم هۆکارە هەدەپە بریاریداوە لەقۆناغی داهاتودا زیاتر تیشک بخاتە سەر هەڵبژاردنە خۆجێییەکان و بردنەوەی زۆرترین شارەوانی لە تورکیادا بەگشتی و لەباکوری کوردستان بەتایبەتی.

هەدەپە لەم هەڵبژاردنەدا چەند ئامانجێکی هەیە بەدیاریکراویش:

- بردنەوەی زۆرترین شارەوانییەکانی باکوری کوردستان. هەدەپە رایگەیاندوە لانی کەم دەخوازن ژمارەی شارەوانییەکانیان بگەیەنینە ١٢٠ شارەوانی. گەرچی لەکۆی ١٠٢ شارەوانی پێشوتری کورد لەباکور ٩٦ شارەوانی لەلایەن حکومەتەوە قەیومیان بۆ دانراوە، بەڵام هەدەپە دەخوازێ ئەو شارەوانیانەو تەواوی شارەوانییەکانی دیکەی باکوری کوردستان لەدەست ئەکەپە دەربهێنێت. بەتایبەتیش ئەو ناوچانەی کە ناوەندی جێ نفوزی کوردەکانی تورکیایە.
- هێشتنەوەی دەسەڵاتە خۆجیییەکان لەدەستی کوردەکان و پارێزگاریکردن لەدەسەڵاتی شارەوانییەکان بۆ قۆناغی ئایندە.
- بەهێزکردنی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا و شکست هێنان بەهاوپەیمانی گەل (ئەکەپە و مەهەپە). بەتایبەت لە لە پارێزگاکانی ناوەراست و رۆژئاوای تورکیا. بەو هۆیەش هەدەپە لە بەشێک لەو پارێزگایانە کاندیدی دیاری نەکردوە، تاوەکو لەلایەک بتوانێت تەواوی تواناکانی پارتەکەی بۆ بردنەوەی پارێزگاکانی باکور بخاتە گەڕ. لە لایەکی دیکەش زامنی سەرکەوتنی کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆن بکات. بە نمونە دەنگدان بە کاندیدەکانی جەهەپە لە ئەنقەرەو ئیستەنبوڵ و ئیزمیر. لەپێناو شکستهێنان بەهاوپەیمانیتییەکەی ئەکەپەو مەهەپە، بەتایبەت شارە گەورەکانی تورکیادا.
- هەدەپە پێی وایە زۆرێک لە پارێزگاکانی باکوری کوردستان، بەراورد بە پارێزگاکانی دیکەی تورکیا، بەدەست فەرمانڕەوای گەندەڵ و کەمی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن. لەدوای دانانی قەیومەکانیش دۆخەکە خراپتر بووە. بۆیە هەدەپە دەخوازێت لەرێی گرتنەوە دەستی دەسەڵاتی پارێزگاکان خزمەتی زیاتر بە باکوری کوردستان بکات. بردنەوەی زۆرترین شارەوانییەکانی باکور ئەو چانسە دەداتە هەدەپە.

- هەدەپە دەخوازێت لەسەر ئاستی دەسەڵاتە خۆجێیەکان رۆڵێکی دیارو کاریگەر ببینێت لە سیستەمی کارگێری و بەرێوەبردنی تورکیادا. بۆ ئەوەی جیاوازی خۆی پیشان بدات بەراورد بە حوکمی تاقیکراوەی زۆرێک لەپارتەکانی دیکەی تورکیا.
- هەدەپە دەخوازێ هەژموونی ئەکەپە لە باکوری کوردستان کەمبکاتەوە، بۆ ئەوەی چیتر نەتوانێت دەستکراوە بێت لە کارکردن بە سیاسەتی قەیووم.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، هەدەپە لەم هەڵبژاردنەدا زیاتر تیشکی خستوەتە سەر پارێزگاکانی باکوری کوردستان. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەدەپە لە ٣٢ پارێزگاو ناوچەی باکوری کوردستان و تورکیا بەربژێری بۆ گەورە شارەوانییەکان هەیە. بەپێی ئەو لیستەش پێشکەشی کردووە، هەدەپە لەم شارانە بەربژێری بۆ گەورە شارەوانییەکان و شارۆچکەکان هەیە: (ئامەد، مێردین، وان ، شرناخ، ئاگری، باڵك ئەسیر، ئێلیە، چەولیگ، بەدلیس، بۆڵو، دەنیزلی، دێرسیم،ئەدیرنە، خارپیت، ئەرزنجان، ئەرزڕۆم، جۆلەمێرگ، ئیغدیر، قارس، قەیسەری، کۆجاعەلی، قۆنیا، مەلەتیێ، مانیسا، موغلا، مووش، عوسمانییە، ساقاریا، سێرت، ، تەکیرداغ و یاڵۆڤا).

جگە لەسەرۆکی ٢١ گەورە شارەوانی شارەوانیەکان، هەدەپە کاندیدی دەستنیشانکردووە بۆ شارەوانی شارەکان، بۆ نمونە لە ئامەد جگە لە کاندیدانی گەورە شارەوانی ١٧ بەربژێری بۆ شارەوانییەکانی سەربە ئامەد هەیە، لە وان جگە لە شارەوانی گەورەی شارەکە ١٢ بەربژێری دیکە، لە شرناخ ٨ بەربژێری دیکە، لە ماردین ٧ بەربژێری دیکەی هەیە. بە شێوەیەکی گشتیش هەدەپە بەربژێری بۆ نزیکەی ١٠٠ شارەوانی و ناوچە و شارۆچکەکان داناوە.

لەبەرامبەردا هەدەپە لە ٤٩ شارو ناوچە بەربژێری دیاری نەکردووە، بەم پێیەش هەدەپە هیچ کاندیدێکی بۆ سەرۆکی شارەوانی ئەو شارانە نابێت. لەدیارترین ئەو شارانەش (ئیستەنبوڵ، ئەنقەرە، ئیزمیر، ئەدەنە، مێرسین، غازی عەنتاب، ئەنتاڵیا و رۆحا ...). بەڵام بۆ شارەوانی شارەکان کاندیدی دەبێت، بۆ نمونە هەرچەند بۆ سەرۆک شارەوانی ئیستەنبوڵ هەدەپە کاندیدی دیاری نەکردووە. بەڵام، پاڵێوراوی بۆ شارەوانییەکانی ئیتستەنبوڵ داناوە لەوانەش شارەوانی (باغجەلەر، کوچوک چەکمەجێ، باکرکۆی، کاغتانێ، ئەسەنلەر، ئارنەوتکۆی).

لە هەڵبژاردنەکانی رابردودا هەدەپە لەو شارانە بەردەوام ١٠٪ بۆ ١٢٪ دەنگەکانی هێناوە و لە رۆحاش دەنگەکانی بەردەوام ٥٠٪ زیاتر بووە. بۆیە ئەگەر دەنگدەری هەدەپە لەو شارانە پشتگیری لە هەر کاندیدێکی (هاوپەیمانی میللەت) بکات، ئەگەر هەیە ئەو کاندیدە سەرۆکی شارەوانی ئەو شارە بباتەوە.

(فیلیز کەرەستەجی ئۆغلۆ) پەرلەمانتاری هەدەپەو کاندیدی هەدەپە بۆ سەرۆک شارەوانی جانقایا لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی تایبەتی لەگەڵ بەشی تورکی ئاژانسیDW ی ئەڵمانی دەربارەی دەنگۆی ئەنجامدانی رێکەوتنی نهێنی نێوان (هەدەپەو جەهەپە) و دیارینەکردنی کاندیدیان کاندیدێکی بۆ پۆستی سەرۆک شارەوانی شارە گەورەکانی وەک ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە و ئیزمیر، دەڵێت "لەگەڵ هیچ پارتێکی سیاسی رێکەوتنمان نییەو پشتیوانی لە هیچ پارتێکی سیاسی ناکەین. بەڵام لە چەند ناوچەیەکی جیاواز پشتیوانی لە هێزە دیموکراتخوازەکان دەکەین و هاوڵاتییانیشمان بۆ ئەو کارە بانگهێشت دەکەین. بەواتایەکی دیکە ئێمە تەنها رێکەوتنمان لەگەڵ دیموکراسی هەیە نەک پارتێکی سیاسی".

هاوکات دەربارەی ئامانجی هەدەپە لەم هەڵبژاردنەدا دەڵێت "لە ناوچە کوردییەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنین و لە رۆژئاواش هێزی هاوپەیمانی ئاکەپە و مەهەپە کەم دەکەینەوە".

## ئاستەنگەکانی بەردەم بانگەشەی هەڵبژاردنی هەدەپە

هاوشێوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانی و سەرۆکایەتییەکەی ساڵی رابردوو، هەدەپە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا روبەروی کۆمەڵێ تەنگژەو کێشە بویەوە، ئەمەش ئاستی بانگەشەکانی هەدەپەی سنورداركردو هەدەپە نەیتوانی هاوشێوەی پارتەکانی دیکە بانگەشەی هەڵبژاردن ئەنجام بدات. بە واتایەکی دیکە ئەو توانا بەرفراوانەی بۆ پارتەکانی وەک (ئەکەپەو مەهەپەو جەهەپەو ئی پارت) رەخسێندراوە بۆ هەدەپە نەرەخسێندراوە بەو پێیەی:

١. هەدەپە هاوشێوەی پارتەکانی دیکە، میدیا و راگەیاندنێکی بەهێزی نییە، تا لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەکاری بهێنێت. زۆرینەی میدیا فەرمییەکانی حکومەتیش

لەلایەن پارتی دەسەڵاتەوە کۆنترۆڵکراون و کەمترین کات دەدرێت بەهەدەپە تاوەکو لەرێگەیانەوە بانگەشەو بۆ بەرنامەو کاندیدەکانی بکات. هاوکات کەناڵەکانی (سی ئێن ئێن تورک، تی ئارتی، ئێن تیڤی) پارتی دیموکراتی گەلان و سەرکردەکانی خراونەتەوە نێو لیستی رەشەوە، بەجۆرێک کە هیچ ریکلامێکی هەڵبژاردن بۆ هەدەپە بڵاوناکەنەوەو ئامادەش نین کاندیدی و سەرکردەکانیان بەخەڵک بناسرێن. تەنانەت لە کەناڵەکانی هەدەپەدا بە مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن ڤیدیۆیەکی ٢٠ چرکەیی ئامادە کرابوو، بەڵام هیچ کەناڵێکی تورکیا ئامادە نەبوو ڤیدیۆکەیان بۆ بڵاوبکاتەوە. تەنانەت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەریشدا بە بێ هیچ هۆکارێک ڕێگری دەکرێت لە بڵاوکردنەوەی ریکلامەکانی هەدەپە. تا بەناچاری چالاکانی هەدەپە داوایان لەهاوڵاتیان کرد لە ڕێگەی پێگە تایبەتییەکانی خۆیانەوە ریکلامە هەڵبژاردنییەکانی هەدەپە بڵاو بکەنەوە.

٢. لەم هەڵبژاردنەشدا بەشی زۆری سیاسەتمەدارانی کورد و پەرلەمانتارانی هەدەپە و سەرۆک شارەوانییەکان لەزینداندن. بێگومان ئەگەر ئازاد بونایە بەشێکیان کاندید دەبون، لەنمونەی (گوڵتان کشاناک و سەباحەت تونجەل)، بەشێکی دیکەشیان بانگەشەکانی هەڵبژاردنیان بەرێوە دەبرد، لەنمونەی (سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسیکداغ). ئەمەش تواناو گورێکی زیاتری دەبەخشییە بانگەشەکانی هەدەپە.

٣. لەم بانگەشەشدا دیاردەی هەڵکوتانە سەر بارەگاو میتینگەکانی هەدەپەو دەستگیرکردنی کاندیدو چالاکەوانەکانی هەڵبژاردن بەردەوامی هەبوو. بۆ نمونە بەر لەدەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنە شارەوانییەکان، لەناوەراستی مانگی شوباتدا (ئاژانسی ئەنادۆڵ) لیستێکی ٢٥ ناوی لە بەربژێرەکانی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنەکەی ٣١ی ئازاری ٢٠١٩ بڵاوکردەوە، کە لەلایەن دادگاوە تۆمەتی تیرۆریان درابوە پاڵ. هەواڵەکەی ئەنادۆڵ و بە مانشێتی"هەدەپە بە کۆمەڵێک بەربژێری تۆمەتبار بە تیرۆرەوە دەچێتە هەڵبژاردنەکەوە" بڵاوکرایەوە. لەدیارترین ناوەکانی لیستەکەش (ئەحمەد تورک، ئایهان بیلگین، سێلچوک مزراکڵی، هودا کایا، فیلیز کەرەستەجیئۆغڵوو ...) کە لە ئێستادا کاندیدی هەدەپەن لە شارەوانیەکانی (ئامەد، قارس، ئەنکەرە، ئیستەنبوڵ، بینگۆل). لەلایەکی دیکەوە لە رۆژی ٩ی ئازاردا هێزەکانی پۆلیس هەڵیانکوتایە سەر بارەگای سەرەکی هەدەپە لە ئامەدو حەوت کەسیان دەستگیرکرد،

که بۆ پشتیوانی لەیلا گۆڤەن مانیان لەخواردن گرتبوو. لەلایەکی دیکەوە رۆژی ١٢ ئازار لە شاری ڤیرانشەهری سەر بە ئورفە لە کۆبونەوەیەکی جەماوەری هەدەپەدا (سەلیم سەداق) سەرۆکی پێشوی شارەوانی سیرت، دەستبەسەرکرا. سەلیم سەداق لە کۆبونەوەکەدا وتارێکی پێشکەشکرد دوای کۆبونەوەکەش بە بیانوی بانگەشەکردن بۆ (تیرۆر)، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا. رۆژی ١٧ ئازار لەچوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا و باکوری کوردستان لەناوچەی بازیدێ-ی ئاگری کۆبونەوەیەکی جەماوەری بەرێوەچوو. هونەرمەندی کورد (قادرچات) لە لەکۆبونەوەکەدا ئامادەبوو و چەند بەرهەمێکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد، دوای کۆتایی هاتنی کۆبونەوەکە، ناوبراو لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی توکیاوە دەستگیرکرا.

رۆژی ٢١ ئازاری ٢٠١٩ لەمیانەی میتینگی بانگەشەی هەدەپەو رێوەرەسمی نەورۆز لەشاری ئیزمیر، هێزی دژە تیرۆری تورکیا، هەڵیانکوتایە سەر میتینگەوەو ١٦ ئەندامی هەدەپەیان دەستگیرکرد، بەپاساوی پشتیوانی کردن لە پەکەکە لەمیتینگەکەدا.

٤. هێشتا باری نائاسایی لە ١٤ پارێزگای باکوری کوردستان درێژەی هەیە. ئەمەش کێشەی بۆ دەنگدەرانی هەدەپە دروستکردوە لەو پارێزگایانەدا. بۆ نمونە لەناوەراستی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا بڕیاریدا بە گواستنەوەی ژمارەیەک سندوقی دەنگدانی ١٤ پارێزگایی باکوری کوردستان، کە ژمارەی دەنگدەرانی سندوقەکانی ئەو ناوچانە بە ٢٧٠ هەزار کەس مەزەندە دەکرێت. هۆکارەکەشی بۆ بابەتی ئەمنی گەڕاندەوە. لای خۆیەوە (هەدەپە) رایگەیاند دەوڵەت دەیەوێ بە گواستنەوەی سندوقەکان کۆسپ لەبەردەم دەنگدەرانی هەدەپە دروستبکات و بەوەش رێژەی بەشداریی دەنگدەرانی پارتەکەی لە هەڵبژاردنەکاندا کەم بکاتەوە.

(فیلیز کەرەستەجی ئۆغڵو) کاندیدی هەدەپە بۆ شارەوانی جانقایا دەربارەی ئاستەنگەکانی بەردەم بانگەشەی هەڵبژاردنی هەدەپە دەڵێت "ئێمە لە کاتی بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لە زۆرێک لە ناوچەکانی تورکیادا ڕوبەڕوی ڕێگری کردن بووینەتەوە. تەنانەت لەسەر ئاستی میدیاکانیش بانگەشەی هەڵبژاردنەکانمان بڵاو ناکرێتەوە و لەزۆر ناوچەش ڕێگەش نادرێت پۆستەرەکانمان هەڵبواسرێن. ئەمانەش خۆی لەخۆیدا پێشێلی مافی

ئێمەیە وەک پارتێکی سیاسی، هەر بۆیە ئێمە سەرجەمی ئەم بابەتەمان کردوەتە تانەو بردومانەتە بەردەم لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان".

### قەیوم و بەربەستەکانی بەردەم کوردو هەدەپە لە ئایندەدا

یەک مانگ دوای هەوڵی کودەتا شکستخواردوەکەی شەوی ١٥ تەموزی ٢٠١٦، پەرلەمانی تورکیا لە رێکەوتی ١٤ ئابی ٢٠١٦ دەنگیدا لەسەر (پرۆژە یاسای قەیوم) و دوا بەدوای ئەو بەرواره (یاسای قەیوم) لە تورکیادا کاری پێکرا.

یاسای (قەیوم) لە دەستووری تورکیادا لە ماددەی ٣٣٤دا رێکخراوە. دەستەواژەی قەیوم بە واتای (دەستبەسەرداگرتن) دێت. لەروی یاساییەوە قەیوم بە واتای دانانی کەسێك دێت لەلایەن بەرپرس یان دامەزراوەیەکی دەوڵەت، لەسەر کۆمپانیایەك، یان شوێنێکی تایبەتی کە کردەوەیەکی نایاسایی تیایدا ئەنجامدرابێت.

تایبەت بە پرسی شارەوانییەکان، قەیوم بەو کەسانە دەوترێت کە حکومەتی تورکیا لە دەرەوەی هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی شارەوانیەکان دایاندەنێت ئەمەش دوای ئەوەی سەرۆکە هەڵبژێردراوەکان بە پشتگیری گروپە تیرۆریستییەکان تۆمەتبار دەکرێن.

بەپێی یاساکەی ئەوکات دەسەڵات بە وەزارەتی ناوخۆ درابوو، هەر سەرۆک شارەوانیەک پشتگیری لە (رێکخستنە تیرۆریستییەکان) بکات، لەکار دوور دەخرێتەوەو دەوڵەت کەسێکی دیکە لەجێگەیدا دادەمەزرێنێت لەژێر ناوی (قەیوم)دا. دەرکردنی ئەم یاسایە یەک مانگ دوای کودەتاکەی تورکیا، بەتایبەت بۆ سەرۆک شارەوانییەکان و نوێنەرانی کورد دەرکرا. بۆ ئەوەی هەرکات حکومەت خواستی لەسەر بوو سەرۆک شارەوانییەکان و جێگرەکانیان و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی لەکار دوور بخاتەوە.

لەدوای هەڵبژاردنی هەڵبژاردنەکانی ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨ و بەرکاربونی سیستەمی سەرۆکایەتی لە تورکیا، پەیوەست بە پرسی قەیوم راستەوخۆ لەرێگەی یاسایەکەوە لە پەرلەمان، دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە و بەرپرسیارێتی بەرامبەر سەرۆك شارەوانیەکان، لە وەزارەتی ناوخۆوە گواسترایەوە بۆ سەرۆک کۆماری وڵات. بەو واتایەی سەرۆک کۆمار مافی راستەوخۆی دەبێت بۆ لێپرسینەوەو دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی شارەوانییەکان، واتە

هەرکات بخوازێت بەگوێرەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک دوای لێکۆڵینەوە بە بریارێک دەتوانێ سەرۆک شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان لەکار دوربخاتەوەو قەیوم بخاتە جێگایان. ئەمەش ئاماژەیەکی رون و مەترسییەکی جدییە کە روبەروی سەرۆک شارەوانییەکانی هەدەپە دەبێتەوە، بەتایبەت لەدوای هەڵبژاردنە شارەوانیەکانی ٣١ ئازاری ٢٠١٩، سەرۆک لە هەرکاتێکدا دەتوانێ  بەپاساوی تیرۆر پەراوی لێکۆڵینەوە بۆ سەرۆک شارەوانیەکان بکاتەوە لەسەر کار لایانبدات.

لەئێستاشداو لەسەرو بەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دوبارە پرسی (قەیوم) هاتوەتەوە بەر باس، بەتایبەت دوای ئەوەی سەرۆکی تورکیا (رەجەب تەیب ئەردۆغان) لە میانەی کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە شاری یۆزگات رۆژی ٢٥ شوباتی ٢٠١٩ لەبارەی شارەوانیەکانی باکوری کوردستان گوتی"ئەو توانایەی دەوڵەت دەیخاتە بەردەستان، ئێوە رەوانەی قەندیلی دەکەن، ئێوە دەڵێن ئەو شارەوانییانەی کەلە رێگای قەیوم زەوتکراون و جارێکی دیکە دەیانبەینەوە. ئەگەر هاووڵاتیانم دەرفەت بە بردنەوەتان بدەن، ئەوا ئێمەش یەکسەر بەبێ چاوەڕوانی جارێکی دیکە قەیوم دادەنێینەوە. بەڵێ بەم شێوەیە درێژە بە رێگاکە دەدەین".

ئەم قسانەی ئەردۆغان لەم کاتەدا جارێکی دیکە پرسی قەیومی لە تورکیادا هێنایەوە بەرباس. بەشێک لەچاودێران پێیان وایە باسکردنی قەیوم لەبانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا لەلایەن ئەردۆغانەوە بۆ بێ هیواکردنی دەنگدەرانی کورد و هەدەپە یە بەتایبەت لەباکوری کوردستان. بەو پێیەی هەرچەندە هەدەپە بتوانێ لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی باکوری براوە بێت، بەڵام حکومەت دەتوانێ نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی کورد بە یاسا لابدات و قەیوم بخاتە جێگەیان.

هەندێکی دیکەش پێیان وایە هەڕەشەکانی ئەردۆغان جدین، بەرکاربونی یاسای قەیوم هەتا ئێستاش، خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ درێژە پێدان بەم سیاسەتە  لەلایەن حکومەتەکەی ئەکەپەوە لەماوەی کاری داهاتویدا.

یەکێکی دیکە لەو کێشەو ئاستەنگانەی چاوەڕوان دەکرێت روبەروی سەرۆک شارەوانیەکانی هەدەپە ببێتەوە، پەیوەستە بە بڕیارو مەرسومی ژمارە (١٧)ی سەرۆک کۆماری تورکیا کە لە

مانگی ئابی ٢٠١٨ لەرۆژنامەی فەرمی تورکیادا بڵاوبویەوە. ئەم بریارەی سەرۆک پەیوەست بوو بە پرسی بودجەو داهاتی شارەوانییەکان، بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانە و ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان. لەناوەرۆکی بریارەکەدا هاتووە لەدوای بەرێوەچونی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، بودجەی شارەوانیەکان دەبەسترێتەوە بەبودجەی گشتی تورکیاوە. ئەمەش واتە بە مەرکەزی کردنی بودجەو داهاتی تورکیا. هاوکات لەبودجەی ساڵانەی تورکیاشدا بۆ ساڵی ٢٠١٩ بودجەی شارەوانییەکان لە رێژەی١٥% بۆ ١٢.٩% کەمکرایەوە.

بێگومان پاش جێبەجێبونی ئەم بریارەش شارەوانییەکان ناچار دەبن پشت بە هاوکاری دارایی حکومەتی ناوەند و وەزارەتی دارایی تورکیا ببەستن. لێرەشەوە مەترسی ئەوە دێتە ئاراوە، کە لە حاڵەتی دەرچونی سەرۆک شارەوانییەکانی سەر بەهەدەپە، ئەگەر لەرێگەی قەیومەوە لانەبرێن، ئەوا بەم رێگەیە حکومەتی ئەنقەرە کێشەیان بۆ دروست دەکات و هاوکاری داراییان ناکات. بەم جۆرەش کار لەسەر لاوازکردنی ئەدای سەرۆک شارەوانییەکانی هەدەپە دەکرێت و ئەگەرو پاساوی لابردنیان زیاتر دەبێت.

سەرەڕای درک کردن بە بونی ئەم مەترسیانە لەبەردەم سەرۆک شارەوانیەکانی هەدەپە لە ماوەی ئایندەدا، بەڵام تا ئێستا ستراتیژو پلانی روبەروبونەوەی هەدەپە بۆ ئەم کێشەو بەربەستانە دیار نییە. کە ئایا هەدەپە هەڵوێستی چی دەبێت و چۆن روبەروی فشارەکانی ئەردۆغان و سیاسەتی قەیوم دەبیتەوە لەداهاتودا؟.

## لیستی کاندیدەکانی هەدەپە بۆ شار و شارۆچکەکان

| ز | ناوی شارو شارۆچکەکان | ناوی کاندیدەکان | ز | ناوی شارو شارۆچکەکان | ناوی کاندیدەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئامەد (شارەوانیی گەورە) | هولیا ئالۆکمەن ئوویانك - عەدنان سەلچووك مزراکلی | 55 | خیزان | دیلەك ئاسلان - ئەرکان چەتین |
| 2 | پەیاس | کەزبان یلماز - نەجاتی پیرینچیئۆغلوو | 56 | مۆتکی | بەلگین کۆرکماز - عیرفان هولاگو |
| 3 | هەزرۆ | گوڵستان ئەکتی - ئەحمەد چەقیك | 57 | ئاخلات | لەیلا ئاسلانئارگین |
| 4 | پاسوور | فاتمە ئای - محەمەد ئەمین ئای | 58 | جۆلەمێرگ (ناوەند) | سەحەر کادرئۆغلوو ئاتاش - جیهان قارەمان |
| 5 | کاراز | ڕۆژدا نازلەر - قاسم پەرقانە | 59 | باژێرگە | سەمرا ئاکتان - موستەفا ئشك |
| 6 | چەرمووك | مەقبوولە چاکن - موحەرەم شاهین | 60 | گەڤەر | ڕەمزیە یاشار - عیرفان ساری |
| 7 | چنار | نەجلا تامریش - نۆزان کارداش | 61 | چەلێ | هێڤیدار ئەرتوونچ - ئەبووبەکر کانات |
| 8 | پیران | یاسەمین ئووچەر - فەلات ئایگۆرەن | 62 | شەمزینان | فەلەم ئاکەر - سامی بەشەر |
| 9 | هێنێ | جەمال ساتی | 63 | بویوکچیفتلیك | گولجان جەیلان - ئەمین بوولگان |
| 10 | سوور | فیلیز بوولووتتەکین - جەمال ئۆزدەمیر | 64 | ئاگری (بازید) | یلدز ئاجار - جەسیم چاکجی |
| 11 | باغلار | زوبەیدە زومروت - زەیات جەیلان | 65 | گیادین | خەزال ئاراس - ئیحسان یەنیگون |
| 12 | یەنیشەهر | بەلگین دیکەن - ئیبراهیم چیچەك | 66 | پاتنۆس | موشەرەف گەچەر - ئیمرا کلچ |
| 13 | لیجە | سالیمە زینگیل - تارق مەرجان | 67 | تووتاخ | سەلما شاهین - باران ئۆزتورك |
| 14 | فارقین | ناشیدە تۆپراك - عەباس حیلمی عەزیزئۆغلوو | 68 | تاشلیچای | بەتول یاشار - محەمەد ئومێد دۆغرو‌ئەر |
| 15 | بیسمیل | گوڵشەن ئۆزەر - ئۆرهان ئایاز | 69 | ئەلەشکیرت | دەریا ئۆگوول - ڕفات یەرلیکایا |
| 16 | ئەگیل | گوڵستان ئەنساریئۆغلوو - موستەفا ئاککول | 70 | مەڵەتی (ئارڤگووڤان) | سەدا گولتوتەن - ئیلهان یلدز |
| 17 | وان (شارەوانیی گەورە) | بەدیعە ئۆزگۆکچە ئەرتان - موستەفا ئاقجی | 71 | گوله)ئەردەخان) | نیزامەدین ئۆزتورك |
| 18 | تووشبا | ئایشە میناز - یلماز بەرکی | 72 | شرناخ (ناوەند) | نوورجان ئالتورك - هشیار ئۆسال |
| 19 | مورادیە | لەیلا بالکان - یلماز شالان | 73 | ئەلکێ | سەبیحە ئاکداگ - جاهید ئۆزکان |
| 20 | ئەردیش | یلدز چەتین - مەحموود پالا | 74 | باسان | زیلان ئەجەفیت - محەمەد ئەمین کلچ |
| 21 | سارای | جازیە دوومان - شەهابەدین بیلمەز | 75 | دەرگوولە | زۆزان ئاکسوو - دوورسوون چاکر |
| 22 | باخچە سارای | جازیە دوومان - گاریپ ئایکووت | 76 | سرتکویو | ئاسیە ئارسلان - محەمەد بالیجاك |
| 23 | ڕێی ئارمووش | ئازیم یاجان - شەهزادە کورت | 77 | بالڤەرەن | زاهیدە ئەرك - مووسا سیدار |
| 24 | ئارتەمێت | گولجان کاچماز ساگیگیت - سەیفەدین ئیتها | 78 | جزیر | محەمەد زیریگ - بێریڤان کووتلوو |
| 25 | قەرقەلی | دیلان ئۆرەنجی - یاقووب ئالماچ | 79 | سلۆپی | عەدالەت فیدان - سولەیمان شاڤلووك |
| 26 | چاڵدیران | لەیلا ئادساك - فاڕووق دەمیر | 80 | هەزەخ | سۆنگول ئەردەم - نیازی چەڤریم |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 27 | ئەلباك | شەنگول پۆلات - ئەركان ئاجار | 81 | شارۆچكەی فندكێ | ئەحمەد ئیمرە - سەڤیم ئیمرە |
| 28 | پاییزاوا | رۆژبین ئاكداغ - كەمال گولەر | 82 | قلابان | سەلاحەدین ئورون - فەریدە یامان |
| 29 | وەستان | مەلەك ئاراپئۆغلوو - ڤەیسی شەكەر | 83 | چەولیك (دارا هێنێ) | شەفیقە دۆغان - سەعدوولا ئوركون |
| 30 | مێردین (شارەوانیی گەورە) | ئەحمەد تورك - فیگەن ئالتنداغ | 84 | سۆلخان | ئایشە كایا - محەمەد سدیق چەلیكەر |
| 31 | نسێبین | سەمیرە نێرگز - فەرهاد كوت | 85 | كانیرەش | ئەڤین ئۆزەن - ئۆزكان بینگۆل |
| 32 | قۆسەر | نیلوفەر ئەلیك یلماز - سالح كودای | 86 | ئێدر (ناوەند) | ئەیلەم چەلیك - یاشار ئاككووش |
| 33 | دێرك | مولكیە ئەسمەز - محەمەد شەریف كران | 87 | توۆزلووجا | ئایشە ئاراس - كەمال ساڤاش |
| 34 | ئارتووكلوو | نورەدین توورگای | 88 | هالفەلی | حەسەن سەفا |
| 35 | كەربۆران | مەقلودە چەلەبی - ئەحمەد ئینجی | 89 | ئەرزرۆم (شارەوانی گەورە) | بارش كەمالئۆغلوو |
| 36 | شەمرەخ | نالان ئۆزئایدن - ئیبراهیم چۆكۆ | 90 | تەكمان | موجاهید كاراكووش - یەنەس چەلیك |
| 37 | میدیات | رێزان تاسمان - عوسمان دمیرجی | 91 | خنس | نوورجان فەلەكئۆغلوو - بەدیر فورات |
| 38 | قەرس (ناوەند) | ئایهان بیلگەن - شەڤین ئالاجا | 92 | قەرمیازی | مەلیكە گۆكسوو - بورهانەدین شاهین |
| 39 | دیگۆر | گولژین كایا - موستەفا ئۆزیاگجی | 93 | قەرەچۆبان | رەمزیە سۆنمەز - خالید ئوگوون |
| 40 | قاقزمان | چیدەم ئۆزلو - مەمەد ئالكان | 94 | روحا (وێرانشار) | سەرڤەت كلچ - خدر ئۆكتای |
| 41 | پازارجك | مونەوەر سوباشی - ئەبووبەكر ئەركمەن | 95 | خەلفەتی | ئەمەل چیفتیورەك - عەبدولرەحمان چیفتی |
| 42 | ساریقامیش | زینەب چەلیك - یاشار ئاراس | 96 | سێوەرەگ | ئەمینە چەتینەر - توووران توپسوز |
| 43 | مووش (ناوەند) | سیبەل گەنچ - سری ساكیك | 97 | بێرەجووك | فاتمە كوركماز - هاكان ئاریجی |
| 44 | كۆپ | ئەیلەم سووروەوجا - عەدنان تۆپچوو | 98 | سەمسوور (كۆمور) | زیلان ئەربای - ئەركان كاراتاش |
| 45 | مەلازگر | گولای چەلیك - ئەردال چاكار | 99 | پناریاشی | مەرال چالشكان - حوسێن ئۆزوون |
| 46 | گمگم | ئولكو بایتاش - گیاسەدین ئایدەمیر | 100 | سێرت (گۆكچەباگ) | سەرهات چیچەك |
| 47 | ئێلح (ناوەند) | سۆنگول كوركماز - سەبری ئۆزدەمیر | 101 | بەگەندیك | دیژڤار ئولاش |
| 48 | بەكیرهان | گولستان سۆنوك - فورات كارابوولووت | 102 | مسرج | ئەسمەر باران - باران ئاكگول |
| 49 | هەزۆ | نازیمە ئاقجی - ئایهان ئەرەن | 103 | كاياباغلار | نەتیجە پەتەك - عەبدولكەریم پۆلات |
| 50 | قوبین | فەلەك ئۆزبەك - موستەفا ئۆزتورك | 104 | بایكان | ئۆزدەن یلماز - حەكیم دووڤا |
| 51 | ئیكیكۆپرو | خەدیجە تاش - عوسمان كارابوولووت | 105 | زیارەت | هەڤین كنای - هوسنو سەڤیملی |
| 52 | كەرجەوس | زینەب ئاسلان - عەبدولكەریم كایا | 106 | خارپێت (دەپ) | سەراپ دۆغان مووتلوو - مەحموود ئەرجان |
| 53 | بەدلیس (ناوەند) | زەكیە ئیلباسان - فارووق ئیشلەر | 107 | سەریجان | میهریبان تاگتەكین - بەكر پۆلات |
| 54 | تاتوان | سەراپ چاكماك - حەبیب یەشیلتەپە | 108 | ئەرزینگان (چاگلایان) | ئۆزلەم دمیر - ڤەلی پنار چاگلایان |

## تەکتیک و تایبەتمەندی هاوپەیمانێتییەکانی هەڵبژاردن

لەم هەڵبژاردنەدا لایەنە سەرەکیەکانی تورکیا بەتایبەت شەش پارتە گەورەکەی تورکیا (ئەکەپە، جەهەپە، هەدەپە، مەهەپە، ئیی پارت و پارتی سەعادەت) کە نوێنەریان لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا هەیە، جۆرێک لە رێککەوتنی فەرمی و نافەرمیان لەنێوان خۆیاندا ئەنجام داوەو بەسەر دوو هاوپەیمانێتی و بەرەدا دابەشبون، ئەوەش بەمەبەستی شکستهێنان بەرەیەک لەبەرامبەر بەرەکی دیکەدا، لەوپێناوەشدا بریاریانداوە هاوپەیمانی و هاوکاری یەکدی بکەن لەم هەڵبژاردنەدا.

## یەکەم. (هاوپەیمانێتی گەل)

هاوشێوەی هەڵبژاردنە پەرلەمانی و سەرۆکایەتیەکەی ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨، (پارتی دادو گەشەپێدان- ئەکەپە) لەگەڵ (پارتی نەتەوەپەرست- مەهەپە)، پێکەوە لەزۆرینەی پارێزگاکاندا بە فەرمی و راگەیەندراو لەژێر ناوی (هاوپەیمانی گەل)، بەرەی هاوپەیمانی هەڵبژاردنیان پێکهێنا.

دەستپێکی کاری پێکەوەیی و هاوهەڵویستی هەردوو پارت (ئەکەپە و مەهەپە)، دەگەرێتەوە بۆ دوای کودەتا شکستخواردوەکەی ١٥ تەموزی ساڵی ٢٠١٦ و یەک گوتاری هەردو پارتەکە لە کۆمەڵێک وێستگە لەوانەش (دەستگیرکردنی سیاسەتمەداران و چالاکەوانانی هەدەپە، لابردنی پارێزبەندی لەسەر پەرلەمانتارانی هەدەپە، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەپارێزگاکانی باکوری کوردستان، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی درعی فورات و چڵە زەیتون لە رۆژئاوای کوردستان و سوریا ...)، هەموو ئەمانە هۆکاربون بۆ هاوپەیمانی بەستنی هەردو پارت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیا لەساڵی ٢٠١٨ لەژێر ناوی (هاوپەیمانی کۆمار). هەرچەندە لەدوای هەڵبژاردنەکان پەیوەندیەکانی ئەکەپەو مەهەپە جۆرێک لە ساردی تێکەوت بەهۆی دروستبونی ناکۆکیان لەسەر هەندێک خاڵ لەوانەش پرسی (دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ زیندانیانی سیاسی، کە مەهەپە داوای دەکردو ئەکەپە رەتی کردەوە، داواکردنی مەهەپە بۆ داخستنی بەشە ناوخۆیی زانکۆکان، دوبارە رەتکردنەوەی ئەم داواکارییەش لەلایەن ئەکەپەوە). بەڵام لەگەڵ نزیکبونەوەی وادەی

هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دوبارە هەردولا نزیکبونەوە لەیەکدی و ناکۆکیەکانی نێوانیان لەبیرکردو سەرئەنجام رێککەوتنی (هاوپەیمانێتی گەل)یان واژۆکرد لەنێوانیاندا.

گوتاری سەرەکی ئەم هاوپەیمانیە بریتیە لە گونجاندنی گوتاری ئاینی و ئیسلامی ئەکەپە و گوتاری نەتەوەپەرستی مەهەپە. ناوەرۆکی هاوپەیمانێتیەکەش رێککەوتنە لەسەر:

- ✓ ئەم هاوپەیمانێتییە بەردەوامەو هاوپەیمانێتیەکی کاتی نییە، تەنها بۆ کاتی هەڵبژاردن. بەڵکو وابەستەیە بە پرسی پارێزگاریکردن لە مانەوەی تورکیا.
- ✓ ئەکەپەو مەهەپە هاوپەیمانن لە ٣٠ شارەوانی گەورە و ٢٠ شارەوانی شارەکان.
- ✓ مەهەپە ٣ کاندیدی دەبێت بۆ شارەوانیە گەورەکان ئەوانیش هەریەک لە شارەوانیەکانی (ئەدەنە، مێرسین و مانیسا) و لە ٢٧ شارەوانیە گەورەکەی دیکە پشتیوانی لەکاندیدانی ئەکەپە دەکات. واتە مەهەپە لەشارە گەورەکانی وەك (ئیستەنبوڵ و ئەنقەرەو ئیزمیر ... شارەوانیە گەورەکانی تر) دەنگ بەکاندیدەکانی ئاکەپە بدات. هاوکات لەگەورە شارەوانیەکانیش، بەشێک لە شارەوانی شارەکان کاندیدی مەهەپەیان بۆ دیاریکراوە، بە نمونە سێ شارەوانی شاری ئەستەنبوڵ لەوانەش (بێشکتاش، ماڵتەپە، سیلیڤری). لەم شارەوانیانەش ئاکەپە دەنگ دەداتە کاندیدەکانی مەهەپە.
- ✓ ئەکەپە ١٢٩٧ کاندیدی هەیە بۆ سەرۆکی شارەوانی پارێزگاکان و شارەکان و ناوچەکان. مەهەپەش ٥٠ کاندیدی بۆ شارەوانی شارەکان و ٨٦٢ کاندیدی دەبێت بۆ ناوچەکان.
- ✓ کشاندنەوەی ١٦ کاندیدی مەهەپە، بۆ بەرژەوەندی کاندیدانی ئەکەپە لە ١٦ شاری تورکیا لەدیارترینیان شارەکانیش، شاری (بولو وایلۆ، تشاناک، قەڵای وزونغوڵداک، غیرسۆن ...).
- ✓ کشانەوەی ئەکەپە لە ٣ شارەوانی بۆ بەرژەوەندی کاندیدانی مەهەپە، ئەوانیش شارەوانی (قارس، کیرکلارالی، ئیغدیر).
- ✓ پارتی یەکێتی گەورەش لەم نێوانەدا رایگەیاند کە ئەوان پشتیوانی لەکاندیدانی (هاوپەیمانی گەل) دەکەن لە شارەوانیە گەورەکاندا.




**میتینگی هاوپەیمانی گەل(ئاکپارتی و مەهەپە) لە ئیستەنبوڵ بەبەشداری**

**(بینالی یەڵدرم، ئەردۆغان و دەوڵەت باخچەلی)**

## دووەم. (هاوپەیمانێتی میللەت- ئومەت)

لەبەرامبەر ئەم هاوپەیمانێتیەدا هاوپەیمانێتیەکی نافەرمی و تەکتیکی لەنێوان (پارتی گەلی کۆماری، پارتی چاکە و پارتی سەعادەت و پارتی دیموکراتی گەلان) بونی هەیە، لەژێر ناوی (هاوپەیمانی میللەت)[٢]. ئەم هاوپەیمانێتییە زیاتر بۆ رکابەری کردنی کاندیدەکانی (هاوپەیمانێتی گەل) پێکهاتووە. ئەوەش لەپێناو کۆتاییهێنان بە هەژمونی ١٦ ساڵ حکومرانی پارتی دادوگەشەپێدان و شکست هێنان بە کاندیدەکانی (ئەکەپەو مەهەپە) لەهەڵبژاردنە شارەوانیەکانی ئەمجارەدا.

پێچەوانەی بەرەی یەکەم، ئەم هاوپەیمانێتیە نارێکخراوەو تارادەیەک پەرشوبڵاوی پێوەدیارە، زیاتر لە بەرەیەکی کاتی دەچێت، تەنها بۆ قۆناغی هەڵبژاردن. ئەو پارتانەی کەدەکەونە چوارچێوەی ئەم هاوپەیمانێتییە خاڵی جیاوازیان زۆرە، بۆ نمونە (پارتی چاک- میراڵ ئاکشینار) پارتێکی قەومی تورکیایەو لەرابردودا لە مەهەپە جیابۆتەوە خاڵی ناکۆکی زۆرە لەگەڵ (هەدەپە)دا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا یەک ئامانجیان لەم قۆناغەدا هەیە، ئەویش شکستهێنانە بە (هاوپەیمانێتی گەل) و بەدیاریکراویش پارتی دەسەڵاتداری تورکیا (ئەکەپە) لەم هەڵبژاردنەدا. ئەم هاوپەیمانێتییە زیاتر لەنێوان (جەهەپەو ئی پارت)دایە، بەڵام لەهەندێک ناوچەش پارتی سەعادەت بەراستەوخۆ، هەدەپە بەناراستەوخۆ پشتیوانی لێدەکەن. بەشێوەیەکی گشتی ناوەرۆکی هاوپەیمانێتی گەل پێکهاتوە لە:

- ✓ رێککەوتن لەسەر ٢٢ شارەوانی گەورە، لەکۆی ٣٠ شارەوانی گەورە.
- ✓ جەهەپە ١٨ کاندیدی دەبێت بۆ شارەوانییە گەورەکان، ٣٨ کاندیدی دەبێت بۆ شارەوانی شارەکان.
- ✓ پارتی چاک- ئی پارت ١٤ کاندیدی دەبێت بۆ شارەوانییە گەورەکان، ٢٨ کاندیدی دەبێت بۆ شارەوانی شارەکان، ٤٠٣ کاندیدی دەبێت بۆ هەرێمەکان و ٩٨ کاندیدیش بۆ ناوچەکان.

---

**٢. پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، تا ئێستاش بەراستوخۆ راینەگەیاندوە سەر بەم هاوپیمانێتییە بێت، بەڵام چاودێران پێیان وابێت کاندید نەکردنی ئەندامەکانی هەدەپە لەهەندێک لەشارەوانیەکان بەنمونە لەشارەوانی گەورەی ئیستەنبوڵ بۆ بەرژەوەندی جەهەپەو کشانەوەی کاندیدەکای لە شاری رۆحا بۆ بەرژەوەندی کاندیدەکەی پارتی سەعادەت، ئاماژەیە بۆ قبوڵکردنی ئەم هاوپەیمانێتییە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ.**

- ✓ ئی پارت کاندیدی نەبوو لە هەرچوار شارەوانی (ئەنقەرە، ئیستەنبول، ئیزمیر و ئەدەنە)، ئەوەش لەپێناو دەرچونی کاندیدەکانی جەهەپە.
- ✓ جەهەپەش کاندیدی دیاری نەکردوە بۆ شارەوانیەکانی (قۆنیا، قەیسەری، کۆجاعەلی، بالیک ئەسیر و غازی عەنتاب) بۆ بەرژەوەندی کاندیدەکانی ئی پارت.

جگە لە ئی پارت هەریەک لە (هەدەپە و پارتی سەعادەت) کاندیدیان دەستنیشان نەکرد بۆ بەشێک لە شارەوانییە گەورەکان. بۆ نمونە هەدەپە لە ٧ شارەوانی گەورەی رۆژئاوای تورکیا کاندیدی نییە، ئەوانیش شارەوانیەکانی (ئەنقەرە، ئیستەنبوڵ، ئیزمیر، ئەدەنە، ئورفا، غازی عەنتاب و ئەنتالْیا). هەدەپە رایگەیاندوە ئامانجیان شکستهێنانە بە هاوپەیمانێتی گەل لە رۆژئاوای تورکیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا بەراستەوخۆ رایانەگەیاندوە کە لایەنگرانی دەنگ بدەنە کاندیدەکانی جەهەپە یاخود سەعادەت، بەڵام رایگەیاندوە کە دەنگ نادەنە پارتی چاک. هاوکات لەبارەی ئەو شوێن و ناوچانەی هەدەپە بەربژێری تیادا دیاری نەکردووە رۆژی ٢١ ئازاری ٢٠١٩ لەمیانەی ئاهەنگی نەورۆزو میتینگی هەدەپە لە شاری وان، (سەزایی تەمەلی) هاوسەرۆکی هەدەپە، رایگەیاند "لەو ناوچانەی کە لۆگۆی هەدەپە نەبوو، کامە پارت نەیارو دژی هاوپەیمانی ئاکپارتی و مەهەپە بوو دەنگی خۆتان بدەنە ئەو پارتە، بۆ ئەوەی ئاشتی و دیموکراتی سەربکەوێت."

یاخود بۆ نمونە لە سەر ئاستی شارەوانی گەورەی ئیستەنبوڵ هەریەکە لە پارتەکانی (هەدەپە، ئی پارت، سەعادەت) کاندیدیان نییە، بەو ئامانجەی کاندیدکەی جەهەپە (ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ)، بۆ سەرۆکی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ، شکست بەکاندیدەکەی هاوپەیمانی گەل و ئەکەپە (بینالی یەڵدرم) بهێنێت. بەم جۆرەش پارتەکانی ئەم بەرەیە رەچاوی دەنگەکانی یەکتریان کردوە لەبەشێک لە شارەوانیەکان و لەبەرژەوەندی لایەکی دیکە کاندیدیان بۆ هەندێک لە شارەوانیەکان دیاری نەکردووە.

دواجار سەرەرای ئەم هاوپەیمانێتیانەو راگەیاندنی دوو بەرەی جیاواز لەم هەڵبژاردنەدا، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەهەردوو بەرەکە رێژەو ژمارەیەك لەدەنگدەری پارتەکان بونیان هەیە، کە هیچ کات پابەند نابن بە رێککەوتن و رێنمای پارتەکانیان بۆ دەنگدان بەلایەنەکانی دیکە. بەئەگەرێکی زۆرەوە بەشێک لەدەنگدەرانی تەواوی پارتەکان، سەرەرای نەبونی کاندیدی پارتەکانیان لەهەندێک لەو ناوچانەی کە پارتەکانیان بۆ بەرژەوەندی لایەنە

هاوپەیمانەکەی کاندیدی دەست نیشان نەکردوە، تا دەنگدەری پارتەکەیان دەنگ بدەنە لایەنە هاوپەیمانەکەیان، ئەوان پابەندی ئەو رێکەوەتنە نابن و پێچەوانەی خواست و ئاماژەی پارتە سیاسیەکانیان دەنگ دەدەن یاخود بایکۆتی پرۆسەکە دەکەن.



**میتینگی هاوپەیمانی میللەت (جەهەپە و ئیی پارت) لە ئیستەنبوڵ بەبەشداری**

**(کەمال کلیچذار ئۆغلۆ و میراڵ ئاکشینار)**

## بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتە سەرەکییەکانی تورکیا

لەرابردودا بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکانی تورکیا بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، بەشێوەیەکی سەرەکی تیشک دەخرایە سەر بابەتە خزمەتگوزارییەکانی وەک (کێشەی ئاو و کارەبا و غاز، یاخود بابەتی یەکەی نیشتەجێبون و بابەتی تەلارسازی و چاککردنی شەقامەکان، یاخود چارەسەرکردنی پیس بونی ژینگەو بەرگە هەوا، رەخساندنی هەلی کار...هتد) جار جاریش دەربارەی پرسی ئەمنی و ئاسایش و سەقامگیری بانگەشەو گفتوگۆ

دەکرا. بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا جۆرێک لەگۆرانکاری لەم رووەوە بەدی دەکرێت و بابەتی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو کاریگەریی جیهانیبون بەسەر بەرنامەو بانگەشەی هەڵبژاردنی لایەنەکانەوە رەنگیداوەتەوە. بۆ نمونە لەبەرنامەی زۆرێک لەلایەنەکاندا باس لە بابەتی وەک (رەخساندنی پێشکەوتنی تەکنیکی لەبوارەکانی خزمەتگوزاری و پاڵندانانی شارستانی و پرسی دەستخستنی تەکنەلۆژیای نوێ و ئیدارەی زیرەک ...)یان تیادەکرێت.

یاخود هەندێکی دیکە لە لایەنەکان، پرسی هەڵبژاردنی خۆجیی دەبەستنەوە بە بابەتە دەرەکیەکانەوە. بۆ نمونە (هاوپەیمانی گەل: ئەکەپەو مەهەپە)، پرسی دەنگدانی هاوڵاتیانی بەستوەتەوە بەو هەرەشەو مەترسیانەی لە رِویی سیاسی و ئابوری و سەربازیی و تیرۆرەوە روِیان لە تورکیا کردووە. هەربۆیە هەردولا لەبانگەشەو بەرنامەکانیاندا جگە لەبابەت خزمەتەگوزارییەکان، جەخت لەسەر پاراستنی تورکیاو مانەوەی بە بەهێزی دەکەن. (دەوڵەت باخچەلی) سەرۆکی مەهەپە لەم بارەیەوە دەڵێت " بۆ ئێمە گرنگ نییە لە کوێ براوە دەبین، ئەگەر سەرپشکمان بکەن لەنێوان بردنەوەی شارەوانییەک و مانەوەی تورکیا، ئێمە مانەوەی تورکیا هەڵدەبژیرین" هاوکات دەڵێت "نەبردنەوەی شارەوانییە گەورەکان لەلایەن هاوپەیمانی گەلەوە راستەخۆ دەبێتە مەترسی لەسەر داهاتوی تورکیا".

بۆ نمونە لەسەرو بەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا (نرخی سەوزەو میوە) لەسەرانسەری تورکیادا بەرزبویەوە، بەو هۆیەشەوە حکومەت راستەوخۆ دەستێوەردانی کردو لەپێناو دابەزاندنی نرخی سەوزەو میوە. دوای دابەزاندنی نرخەکان لەماوەی هەفتەیەکدا، راسەوخۆ ئەم بابەتە گواسترایەوە نێو بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و چارەسەری کێشەی گرانی نرخی ئەو کاڵایانەو دابەزاندنی نرخەکەیان لەلایەن ئەکەپەو مەهەپەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکار هێندرا. بەو پێیەی گرانبونی نرخی سەوزەو میوەیان پەیوەست کرد بەو مەترسییە ئابورییە دەرەکیانەی کە بەردەوام رو لە تورکیا دەکەن. بەڵام بەم جۆرە دەبینین هاوپەیمانی گەل پرسێکی وەک هەڵبژاردنە خۆجییەکان کە بابەتێکی ناوخۆییە بەستەوە بە پرسی مەترسی و هێرشە دەرەکییەکان بۆ سەر تورکیا.

لای خۆشیەوە (رەجەب تەیب ئەردۆغان) لەمیانەی بانگەشەکانی ئەمجارەدا بەهەمان شێوە جەختی لەسەر هەرەشەو مەترسییەکانی دەرەوەو تیرۆر دەکرد لەسەر ئایندەی تورکیا. بۆ نمونە رۆژی ٢٢ ئازاری ٢٠١٩، (رەجەب تەیب ئەردۆغان) لەمیانی بەشداریکردنی لە

کۆبونەوەیەکی جەماوەری پارتەکەی لە پارێزگای کوتاهییە رایگەیاند"لایەنە دەرەکی و ناوخۆییەکان یەکیان گرتووە بۆ شکستپێهێنانی ئاکپارتی لە هەڵبژاردنە خۆجێییەکاندا". هاوکات گوتیشی "بۆ بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکانمان لە سوریاو بۆ بچڕاندنی ڕێڕەوی تیرۆر لە باشوری سنورمان، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان لە هەردوو ناوچەی قەندیل و شنگال لە باکووری عێراق، پێویستە هاوڵاتیانمان لە هەڵبژاردنە خۆجێییەکاندا دەنگ بدەنە هاوپەیمانی کۆماری (ئاکپارتی و مەهەپە)، تا سەرکەوتن بەدەستبهێنین".

لەلایەکی دیکەوە چەند روداوێکی دیکەی وەک (هێرشە تیرۆریستیەکەی سەر مزگەوتی نور لە نیوزلەندا + داننانی ئەمریکا بەسەر سەروەری ئیسرائیل بەسەر بەرزایەکانی جۆلاندا لەچەند رۆژی رابردوو)، بون بە دوو مادەو بابەتی دەرەکی دیکەی بانگەشەی هەڵبژاردن، لە میتینگەکانی دواین هەفتەی بانگەشەی هەڵبژاردندا، لەلایەن ئاکپارتی و ئەردۆغانەوە بەکارهێندران. ئەوەش بەجەختکردنەوە لەسەر هێشتنەوەی ئاکپارتی لەلوتکەی دەسەڵاتی تورکیا، بۆ پارستنی موسوڵمانان لەتورکیاو تەواوی جیهاندا.

لەلایەکی دیکەوە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بەتایبەت جەهەپەو هەدەپە ئەم بانگەشانەی (هاوپەیمانی گەل: ئەکەپەو مەهەپە)، لەبارەی مەترسیەکانی دەرەوەو تیرۆر بە بەپاڵپشتی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا رەتدەکەنەوە، بەڵکو ئەو بانگەشانە بەهۆکارێکی دەزانن بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەنێوان دەنگدەرانی تورکیادا. لەبەرامبەردا ئەمان سیستەمی سەرۆکایەتی و دەرهاویشتەکانی ئەم سیستەمە بە هەڕەشەو مەترسی دەبینن بۆ ئایندەی تورکیا. هاوکات پرسی بەرزبونەوەی نرخی کاڵاکان و دابەزاندنیان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لەرێگەی دەستێوەردانی حکومی، بە تەکتیکێکی کاتی و دروستکراو بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکان خوێندنەوەیان بۆ کرد. بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر ئاراستە

گۆڕینی دەنگی دەنگدەرانی تورکیا.

بەرنامەی هەڵبژاردنی **پارتی دادو گەشەپێدان (ئەکەپە)** لە ١١ بەش پێکهاتووە و تیایدا باس لەم بابەتانە کراوە (پلانسازی شارەکان، ژێرخان و گواستنەوەو گەیاندن، پێشکەوتنی تەلارسازی و بیناسازی، شاری نمونەیی، شاری زیرەک، شاری رێزگر لە ژینگەو سروشت، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، پێشکەوتنی ئاسمانی، ئیدارە لەگەڵ گەل، رەخساندن و شەفافیەت، شاری رۆشنبیری و بەهاو پێشکەوتن).

بەرنامەی هەڵبژاردنی **پارتی کۆماری گەل (جەهەپە)** لە ١٢ بەش پێکهاتووە و بە دروشمی (شارەوانیەکانی گەل) دەست پێدەکات و تیایدا باس لەم بابەتانە کراوە (شار بۆ لێبوردەیی و قبوڵکردنی جیاوازی، شاری هاوبەش بۆ هەموان، شەفافیەت و لێپرسینەوە، شارێ بەرهەمهێنەر، شاری زیرەک و داهێنەر، کێشەی گواستنەوە، شار بتوانێ هەناسە بدات، شاری دادپەروەری کۆمەڵایەتی، شاری رۆشنبیری و هونەر، شاری هاورێی ژینگە، شاری بەختەوەری).

بەرنامەی هەڵبژاردنی **پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)** لە ٦٤ لاپەرە پێک هاتوەو بە دروشمی (بازاڕ، ئیرادە، سەرکەوتن بۆ ئێمەیە) دەست پێدەکات. هاوکات دروشمی (ئازادی زیاتر، مافی زیاتر، ژیانی زیاتر پێکەوە بەرەو دیموکراسی) تیادا بەرزکراوەتەوە. بە گشتی بەرنامەکە پێک هاتووە لەم بابەتانە (سیاسەتە هەڵەکانی ئەکەپە و قەیومەکانی لەماوەی رابردودا، دیموکراسی و خۆبەرێوەبەری، هەدەپە و پێشخستنی دیموکراسی و ئازادی و داپەروەری، پرسی بودجەی شارەوانییەکان، پرسی بەهێزکردنی هەرێم و شارەوانیەکان، پرسی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، پاراستنی ژینگە، مافی ژنان، مافی منداڵان، دەرفەت و هەلی کاری زیاتر بۆ گەنجان، مافی خاوەن پێداویستی تایبەت، ژیانێکی شایستە بۆ خانەنشین و پیرو پەکەوتەکان، ماف و ژیانی پەنابەران، پلانسازی شار، پاراستنی شوێنەوارو ئاسەوارەکان، مافی ئاژەڵ و باڵندەکان، سود وەرگرتنی زیاتر لەسامانە سروشتییەکان، خزمەتی زیاتری پەروەردەیی و تەندروستی، چالاکی هونەری و رۆشنبیری و وەرزشی، ئازادی بیروباوەری جیاواز، پاراستنی زمانی دایک ...هتد).

بەرنامەی **پارتی چاک (ئیی پارت)** بە دروشمی (شارێکی باش و داهاتویەکی باشتر) دەست پێدەکات. بەهەمان شێوەی لەبەرنامەکەیاندا جەخت کراوەتەوە لەسەر (شارەوانی زیرەک، پشت بەست بە تەکنەلۆژیای زانیاری، ژینگە دۆستی و خزمەتگوزاری).

## گرنگی هەڵبژاردنی شارەوانی٢١ی ئازاری ٢٠١٩ بۆ پارتە سیاسیەکان

1. سەرۆکی شارەوانی بەهۆی بەردەوام بەرکەوتنی لەگەڵ هاوڵاتیان، زۆر بە خێرای دەتوانێت گوزارشت لە بۆچونی پارتە سیاسییەکەی بکات، بەتایبەت لەروی (خزمەتگوزاری ومرۆیی و کۆمەڵایەتیەوە)، بەو پێیەی سەرۆک شارەوانی دەبێتە خاڵی پەیوەندی نێوان پارتەکەی و هاوڵاتیان، بەم پێیەش پۆستە خۆجێییەکان هەمیشە زیاتر لە پۆستە باڵاکانی دیکەی وڵات بەرکەوتنیان لەگەڵ هاوڵاتیاندا دەبێت.
2. پۆستە خۆجێییەکان، باشترین بژاردەی تاقیکارییە لەبەردەم پارتە سیاسیەکانی تورکیادا. ئەوەش بۆ تاقیکردنەوەی ئەو ئەندام و کادرانەیان کە لەهەڵبژاردنە شارەوانیەکاندا براوە دەبن و پۆستی حکومی وەردەگرن. بەوپێیەی لەرێگەی ئەم ئەزمونەوە دەتوانن دوای پێنج ساڵ، سود لە توانای سەرکەوتوترین ئەندامەکانیان وەربگرن، لە کاندید کردنیان بۆ پۆستی باڵاتری حکومی و راکێشانی زۆرترین دەنگی هاوڵاتیان بەلای پارتەکانیاندا.
3. شارەوانییەکان بەرپرسن لە بەرنامەی ئەنجامدانی پرۆژەی بەرەوپێشبردنی شارەکان، رێکخستنی جوڵەو هاتوچۆی شارەکان، بونیادنان و بەرەوپێشبردنی نەخشەی ئەندازیاری و تەلارسازی، پێشخستنی سەرخان و ژێرخانی شارەکان، رێکخستنی هێڵەکانی دابەشکردنی کارەباو ئاو ئاوەڕۆ، خزمەتگوزاری پاککردنەوە، پلانسازی رێگاوبان و و بازار و ناوچە پیشەسازی و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییەکان. لەگەڵ رێکخستن و بەرەوپێشبردنی بوارەکانی دیکەی خزمەتگوزاری وەک (تەندروستی گشتی، پەروەردەو فێرکردن و خوێندنی زانکۆ، دابینکردنی پێداویستی بۆ سەرجەم کارو چالاکیە رۆشنبیری و هونەریی و وەرزشییەکان، کاروباری ئاینی و کۆمەڵایەتی... هتد). ئەمانەش راستەخۆ پەیوەندیان بە ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیانەوە هەیە.
4. لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨ و بەرکاربونی سیستەمی سەرۆکایەتی لە تورکیا، زۆربەی دەسەڵاتەکان گواستراونەتەوە بۆ سەرۆک کۆمار، لە بەرامبەردا

پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا چیتر لەرێگەی پەرلەمانەوە ناتوانن وەک رابردوو رۆڵێکی بەهێزو کاریگەر ببینن، بۆیە لە ئێستادا بەدەستهێنانی زۆرترین شارەوانی لەلایەن پارتە ئۆپۆسیۆنەکانی تورکیا دەرفەتە بۆ بەهێزبونەوەی پێگەیان بەرامبەر پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدارو خۆ ئامادەکردن بۆ چوار ساڵی داهاتوی تورکیا. بەو پێییەی تورکیا تا ساڵی ٢٠٢٣ هیچ هەڵبژاردنێکی دیکە بەخۆیەوە نابینێ.

5. ئەگەر پارتی دادوگەشەپێدان بتوانێت هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی رابردوو، زۆرترین شارەوانییەکان بباتەوە، لەلایەک شکستێکی دیکە دوچاری رکابەرەکانی دەکەت و زیاتر جێ پێی خۆی لەدەسەڵاتدا جێگیر دەکات. لەلایەکی دیکەش دەتوانێ جێگری ببەخشێتە سیستەمی سەرۆکایەتی و زۆر بە ئاسانیش دەتوانێ بەردەوامی بدات بە بەرنامەو سیاسەت و پرۆژەکانی بۆ پێنج ساڵی دیکە لە تورکیادا.

6. ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بۆ هەندیک لە پارتەکان چارەنوسساز دەبێت. بۆ نمونە لە حاڵەتی شکستی دوبارەی (جەهەپە و ئیی پارت) لەم هەڵبژاردنانەدا، بەتایبەت لە شارەوانییە گەورەکان، راستەوخۆ ئەو دوو پارتە لە سەر ئاستی ناوخۆییان، روبەروی گۆڕانکاری و هەنگاونان دەبن بۆ گۆرینی سەرکردایەتی پارتەکانیان. بەشێوەیەکی گشتیش لە دوبارە سەرکەوتنەوەی پارتی داود گەشەپێدان لەم هەڵبژاردنەدا، ئەگەر هەیە بۆ قۆناغی داهاتوو، ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە هۆکار بن بۆ لەدایک بونی پارت و رەوتی دیکە لەتورکیادا. بەتایبەت لە ئێستادا کە باس لەوە دەکرێت ئەگەر هەیە (ئەحمەد داود ئۆغلۆ)ی سەرۆک وەزیرانی پێشوی تورکیا پارتێکی نوێ دروست بکات لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوەڵانی رابردوی لەنێو پارتی دادوگەشەپێداندا.

## تایبەتمەندی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٢١ ئازاری ٢٠١٩

1. ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە یەکەمین هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیا کە لەژێر سایەی سیستەمی سەرۆکایەتیدا ئەنجام بدرێت.

2. دوای ریفراندۆمە دەستورییەکەی ١٦ نیسانی ٢٠١٧ و گۆرینی سیستەمی سیاسی تورکیا بۆ سەرۆکایەتی، لە ئێستادا بۆ یەکەمینجارە سەرۆک کۆماری تورکیا لەرێگەی دەستورەوە بەبێ هیچ کۆت و بەندێکی هەڵبژاردن دەتوانێ بەشداری لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکاندا بکات. بەو پێیەی لەهەموارە دەستوریەکەدا هاتبوو "سەرۆکی وڵات

لەهەمانکاتدا دەتوانێ سەرۆکی پارتێکی سیاسیش بێت". ئەمە خاڵەش ڕێگا بەسەرۆک کۆماری تورکیا دەدات بەشداری لە کەمپەینەکانی هەڵبژاردندا بکات. بەڵام ئەمە بەو مانایە نەبوو کە سەرۆک کۆمار بتوانێ دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی پارتەکەی لە بانگەشەو پروپاگەندەی هەڵبژاردندا بەکار بهێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بەربەستێک یان کۆتو بەندێکی دەستوری دیاری نەکراوە تاوەکو ڕێگری لەسەرۆک کۆماری تورکیا بکات بۆ بەکارنەهێنانی دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی پارتەکەی لەبانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا. بەم هۆیەوە لەکۆتای ساڵی ٢٠١٨دا (لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا) بڕیارێکی تایبەتی بەم بابەتە دەرکردو تیایدا هاتبوو کە ئەردۆغان بەو سیفەتەی سەرۆکی تورکیایە هیچ کۆت و بەندێکی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٣١ ئازاری ٢٠١٩ نایگرێتەوە. بەو پێیەی (سەرۆکی کۆمار بەپێی دەستور بەسەرۆکی دەوڵەت دادەنرێت، ئەوا کۆتو بەندی هەڵبژاردنەکان بەسەریدا جێبەجێ نابێت). بەڵام بەگوێرەی هەمان بڕیاری لیژنەی باڵا وەزیرو پەرلەمانتارو پلە باڵاکانی وڵات، کۆت و بەندیان بۆ دانراو لیژنەکە بریاریدا کە هیچ یەکێک لەو پلە باڵایانە مافیان نابێت و ناتوانن ئۆتۆمبێل و دامەزراوەی حکومی بەکاربهێنن، تەنانەت ناتوانن هیچ چالاکی و پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی لەمیانەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بکەنەوە لەرۆژانی ٢١ ئازار تا ٣١ ئازاری ٢٠١٩.

3. یەکێکی دیکە لە خاڵە جیاوازەکانی ئەم هەڵبژاردنە، بریتییە لە دوبارە دەنگدانی هاوڵاتیانی سوری لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا. ئەو هاوڵاتیە سوریانەش ئەوانەن کە لەماوەی چەند ساڵی رابردودا بەهۆی قەیرانی جەنگی سوریاوە رویان لە تورکیا کردوەو لە ئێستادا لەو وڵاتە نیشتەجێن. لە هەڵبژاردنەکانی ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨ زیاد لە ٣٠ هەزار هاوڵاتی سوری کە ناسنامەی تورکیان هەبوو، لەهەڵبژاردنەکاندا بەشداریانکرد. بۆ ئەم هەڵبژاردنەش (سولەیمان سۆیلو) وەزیری ناوخۆی تورکیا ڕایگەیاند "تا ئێستا ٧٩ هەزار و ٨٢٠ هاوڵاتی سوری ڕەگەزنامەی تورکییان وەرگرتووە. و لەو ژمارەیەش ٥٣ هەزار و ٩٩ کەسیان دەتوانن لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن". بێگومان دواجار زۆرینەی ئەم هاوڵاتیە سوریانەش لەبەرژەوەنی پارتی دادو گەشەپێدان دەنگ دەدەن، هەر بۆیە زۆرینەی پارتەکان گومانیان هەیە لە

بڵاوبونەوەی ئەو ژمارانەو پێیان وایە ژمارەیەکی زۆرتر لەوەی بڵاوکراوەتەوە، هاوڵاتی سوری رەگەزنامەیان پێدراوە، بەتایبەت لە شارەوانییە گەورەکانی تورکیادا، بۆ ئەوەی لەبەرژەوەندی ئەکەپەو مەهەپە لەو ناوچانە دەنگ بدەن.

4. خاڵێکی دیکەی جیاوازی ئەم هەڵبژاردنە ئەوەیە کە بۆ یەکەمین جارە بە بڕیاری ئەنجومەنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا کۆت و بەند لەبەردەم دەنگدانی زیندانیانی تورکیادا دادەنرێت. بریارەکەش بە جۆرێکە کە هەر زیندانیەک دەتوانێ دەنگ بدات بەڵام بەو مەرجەی دەبێت زیندانەکەی کەتیایدا زیندانیکراوە لەچوارچێوەی ئەوە بازنەیەی هەڵبژاردنەدا بێت کەناوی زیندانیەکەی تیادا تۆمار کراوە. واتە ئەگەر زیندانییەک زیندانەکەی لەچوارچێوەی بازنەی هەڵبژاردنەکەیدا نەبێت مافی دەنگدانی نابێت. بۆ نمونە ئەگەر هاوڵاتیەکی زیندانی ناوی لەنێو لیستی دەنگدەرانی شاری ئەنقەرەدا بێت و لەزیندانی سیلیڤری لەئەستەنبوڵ زیندانی کرابوو، ئەوا ناوی لەنێو لیستی دەنگدەرانی ئەوبازنەیەی هەڵبژاردنی ئەستەنبوڵدا نابێت و مافی دەنگدان لەدەست دەدات.

ناوەندی ئازادییەکانی ستۆکۆڵم لەسەرەتای ئەمساڵدا راپۆرتێکی لەبارەی زیندانەکانی تورکیا بڵاوکردەوە، لە راپۆرتەکەدا پشت بەست بەزانیارییەکانی وەزارەتی دادی تورکیا بەستووە. بەو پێیەی لە ئێستادا نزیکەی ٢٦٠ هەزارو ١٤٤ کەس لەزیندانەکانی تورکیادان و ژمارەی زیندانەکانی تورکیاش گەیشتوەتە ٣٨٥ زیندان.

بە لێکۆڵینەوە لەم ژمارانە دەردەکەوێت کە نزیکەی ٥٥ هەزارو ٥٧٤ هاوڵاتی زیندانیکراو بەهۆی گواستنەوەیان بۆ زیندانی شارو ناوچەکانی دیکە، بەهۆی ئەم بریارەوە بێبەش دەبن لەمافی دەنگدان، لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا. بێگومان زۆرینەی ئەو هاوڵاتیانەش نەیاری ئەکەپەو مەهەپەن و ئەندام و لایەنگرانی (هەدەپەو بزوتنەوەی خزمەتن) کە بە پاساوی پشتیوانی تیرۆر و پلانی کودەتاکەی تورکیا زیندانیکراون.

5. یەکێکی دیکە لەخاڵە جیاوازو تایبەتەکانی ئەم هەڵبژاردنە، بریتییە لە هێنانە پێشەوەی کەسانی دیار لە تورکیاداو کاندیدکردنیان وەک تەکتیکێکی هەڵبژاردن، بەدیاریکراویش لە شارەوانییە گەورەکاندا، زۆرێک لەو کەسایەتیانەش پێشتر لە پلەو

پۆستی حکومەی و حیزبی باڵادا بون. بۆ نمونە لەم هەڵبژاردنەدا ١٧ پەرلەمانتاری تورکیا لەسەرجەمی پارتەکان بوونەتە کاندیدی سەرۆکایەتی شارەوانیەکان. بەم جۆرە ( ٣ پەرلەمانتاری ئاکپارتی، ٥ پەرلەمانتاری جەهەپە، ٦ پەرلەمانتاری هەدەپە، ٢ پەرلەمانتاری ئیبی پارتی و پەرلەمانتارێکی سەربەخۆ).

هاوکات پارتی دادو گەشەپێدان لە پێناو بردنەوەی شارەوانی ئیستەنبوڵ (بیناڵی یەڵدرم)ی کاندید کرد، بینایی پێشتر سەرۆکی ئەکەپە و سەرۆک وەزیرانی تورکیا بو لە کابینەی پێشوی حکومەتدا، لە ئێستاشدا سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا بوو، بەڵام لەسەر داوای ئەردۆغان، دەستی لەسەرۆکی پەرلەمان کێشایەوەو خۆی بۆ سەرۆک شارەوانی گەورەی ئیستەنبوڵ کاندید کرد. هاوکات ئەکەپە بۆ سەرۆک شارەوانی ئەنقەرە (محمد ئۆزهاسکی) وەزیری ژینگەی پێشوی کاندید کردوە، بۆ شارەوانی ئیزمیریش وەزیری پێشوی دارایی (نیهاد زیبکچی) کاندید کردوە.

لەلایەکی دیکەوە پارتی دیموکراتی گەلان، بۆ گەورە شارەوانی ماردین (ئەحمەد تورک و فیگەن ئاڵتنداغ )ی بۆ هاوسەرۆک شارەوانی کاندید کردوە. بۆ گەورە شارەوانی ئامەد هەردوو پەرلەمانتاری هەدەپە (هولیا ئالۆکمەن ئوویانك و عەدنان سەلچووك مزراکلی)ی کاندی کردوە. بۆ گەورە شارەونی وان، هەریەکە لە (بەدیعە ئۆزگۆکچە ئەرتان پەرلەمانتاری وانی هەدەپە و مستەفا ئاڤجی ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی کارگێڕی هەدەپە)ی کاندید کردوە. لەلایەکی دیکەوە هەدەپە ئامانجی ئەوەیە لەم هەڵبژاردنەدا شارەوانی (قارس، موش و بینگۆڵ) لەدەستی ئەکەپەو مەهەپە دەربهێنێت. لەو پێناوەشدا، بۆ ئەو مەبەستەش کەسانی بە توانای بۆ ئەو شارانە بەربژێر کردووە. بۆ نمونە هەدەپە بۆ گەورە شارەوانی قارس (ئەیهان بیلگەن: کەسایەتی دیارو وتەبێژو پەرلەمانتاری پێشوی هەدەپە و شەڤین ئالاجا)ی کاندید کردوە. هاوکات بۆ سەرۆک موش هەریەک لە (سری ساکیك: سیاسەتمەداری ناوداری باکوری کوردستان و سیبەل گەنچ) ی کاندید کردووە.

6. بەردەوامی دابەزینی بەهای لیرە و گرانبونی نرخی شتومەک لەبازارەکانی تورکیادا یەکێکی دیکەیە لە خاڵە دیارەکانی ئەم هەڵبژاردنەو تا ئێستاش ئاسۆی چارەسەری ئەم قەیرانە دیار نییە. بێگومان بەردەوامی کێشەو قەیرانە سیاسی و سەربازی و ئابورییەکانی تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆی و ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی،

هاوشانی تێکچونی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیا، بەتایبەتی لەماوەی پێنج ساڵی رابردودا، هۆکاری سەرەکیی بون لە دابەزینی بەهای لیرەی تورکی و قوڵبونەوەی زیاتری کێشە ئابوری و داراییەکانی ئەو وڵاتە. بۆ نمونە لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٨ بەهای دۆلارێکی ئەمریکی بەرامبەر بووە بە ١.٣٠ لیرەی تورکی، بەڵام دوای ١٠ ساڵ لە نیسانی ٢٠١٨ بەهای دۆلارێکی ئەمریکی بەرامبەر بووە بە ٤.٥٠ لیرەی تورکی، واتە لەماوەی ١٠ ساڵدا لیرەی تورکی نزیکەی چوار هێندەی رابردو بەهاکەی بەرامبەر دۆلای ئەمریکی دابەزی. هاوکات لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ تا مانگی شوباتی ٢٠١٩ لیرەی تورکی زیاتر لە ١٠٪ بەهاکەی لەدەستدا. بێگومان ئەمە شتێکە لە بارودۆخی ئاساییدا روونادات. هاوکات لەو ساتەوەختەی بەهای لیرە لە بازاڕەکاندا روی لە دابەزین کردووە، ئابوری تورکیاش روبەروی مەترسی گەورەی دارمانی بوەتەوە. لە ئێستاشدا پێشبینی دەکرێت تورکیا توشی هەڵاوسانی گەورەی ئابوری ببێتەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی ڕێژەی هەڵاوسان لە ڕێژەی ٥% ەوە بۆ نزیکەی ٢٠% زیادیکردوە. لەبەرامبەردا نرخی کاڵاو شمەک و خواردەمەنی لە ناوخۆی تورکیا بەڕێژەی ٢٠% -٢٥٪ بەرزبوەتەو. ئەوە جگە لەزیادبونی ڕێژەی بێکاری لە تورکیادا، کە بەراورد بە١٠ ساڵی رابردوو، لەمساڵدا بێکاری گەورەترین رێژەی تۆمارکردووە. پشت بەست بەئامارەکانی ناوەنی ئامارو راپرسی تورکیا (ورکستات) لە ئێستادا نزیکەی ٣.٤ ملیۆن هاوڵاتی تورکیا بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنن، ئەم ژمارەیەش یەک ملیۆنی زیاترە لە ئامارەکانی ساڵی رابردوو.

لە ئێستاشدا ئابوری ناسان و دەزگاکانی توێژینەوەو بەدواداچون پێشبینی دەکەن کە بەهای لیرە زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە دابەزێت. بۆ نمونە بانکی (تی دی سیکیوریتی)، بانکێکی وەبەرهێنانی کەنەدییە، پێی وایە کە لیرەی تورکی لە پایزی ئەمساڵدا تووشی قەیرانێکی دیکە دەبێت. ئەم بانکە کەنەدیە دەڵێت لیرەی تورکی تا پایزی ٢٠١٩ بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی ٤٠٪ بەهاکەی لەدەست دەدات. بەجۆرێک ١ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر دەبێت بە ٩.٨ لیرەی تورکی. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەردەوامی کێشە ئابورییەکانی تورکیا و زیاتربونی رێژەی بێکاری و بەرزبونەوەی قەبارەی هەڵاوسان و پاشەکشەی بەرهەمهێنان و پیشەسازی و مایەپوچبونی زیاتری کۆمپانیاو سەرمایەدارانی ناوخۆ و بیانی لە تورکیادا.

## گرنگی ئیستەنبوڵ لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیادا

پارێزگای ئیستەنبوڵ یەكێك لەو پارێزگایانەی، کەلە هەڵبژاردنەکاندا تورکیادا بەگشتیی و لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا بەتایبەتی گرنگییەکی زۆری هەیە. بەو پێیەی ئیستەنبوڵ گەورەترین پارێزگای تورکیایە لە روی ژمارەی دانیشتوانەوە. بەپێی ئامارێکی دەزگای سەرژمێری تورکیا و سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەمانگی ئازاری ٢٠١٩دا بڵاوکراوەتەوە، شاری ئیستانبوڵی بە جەنجاڵترین شاری تورکیا دیاریکردوە و ژمارەی دانیشتوانی بە ١٥ ملیۆن ٦٧ هەزار ٧٢٤ کەس خەمڵاندووە. واتە ئیستەنبوڵ لە ئێستادا ١٨.٤%ی دانیشتوانی تورکیا لەخۆ دەگرێت.

ئیستەنبوڵ لەسەر ئاستی جیهان لە ڕووی ئابوریەوەبە ٣٤ مین گەورەترین شاری جیهان دادەنرێت، لە گەورەترین شاری ئەوروپاشە لە ڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە.

لە ئێستاشدا ئیستەنبوڵ زۆرترین دەنگدەری تورکیا لەخۆی دەگرێت. لەدواین هەڵبژاردنی پەرلەمانیی تورکیادا لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٨دا ئیستەنبوڵ خاوەن ٩ ملیۆن و ٣٨٧ هەزار و ٣٢٧ دەنگدەر بوو و ٣٢ هەزار و ١٤٥ سندوقی دەنگدانی بۆ تەرخانکرابوو.

بەگشتی شارەوانی گەورەی ئیستەنبوڵ پێک دێت لە ٣٩ شارەوانی و ناوچەی جیاواز، ٢٧ ناوچەشیان بە شاری تەواوەتی ناودەبرێن. ئەنجومەنی شارەوانی ئیستەنبوڵیش لە ٩٨ کورسی پێک دێت. لەروی جوگرافیاشەوە ئیستەنبوڵ دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای تورکیاوە، بەم هۆیەش ٢٥ شاری کەوتونەتە نێو کیشوەری ئەوروپاو ١٤ شاری دیکەشی دەکەونە نێو کیشوەری ئاسیاوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئیستەنبول بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەم پارێزگایە، بە پڕ رەنگترین پاریزگای تورکیا دادەنرێت، بەو پێیەی زۆرترین پێکهاتەو رەگەزو نەتەوەی جیاوازی تورکیا لەخۆی دەگرێت. لەبەر ئەم هۆیەش زۆرجار ئیستەنبوڵ ناودەبرێت بە(تورکیای بچوک).

ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی هەر لە گەورەترین پارتی سیاسی تورکیاوە تا بچووکترین پارت، لە نێو ئیستەنبوڵدا، نفوزیان هەبێت. بۆیە هەمیشە لە هەڵبژاردنەکاندا ئیستەنبوڵ دەبێتە چەقی ململانێی هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکانی تورکیا.

ئەم گرنگییەی ئیستەنبوڵ لەهەڵبژاردنەکاندا، پاشخانێکی مێژووی هەیە، بۆیە بەردەوام لە تورکیادا وتەیەکی باو هەیە لەبارەی گرنگی ئیستەنبوڵ لەهەڵبژاردنەکاندا کە دەڵێت "ئەوەی ئیتسنبوڵ بباتەوە، تورکیاش دەباتەوە، ئەوەی ئیستەنبوڵیش بدۆڕێنێت تورکیا دەدۆڕێنێت".

بێگومان بونی ئەم قەناعەتە لەخۆرایی نییەو لە ئەزمونەکانی هەڵبژاردنەکانی رابردوی تورکیادا واقیعی بونی ئەو وتەزایە سەلماوە. بەو پێیەی هەر پارتێک ئیستەنبوڵی لە هەڵبژاردنی شارەوانیدا بردبێتەوە، دواتر توانیویەتی حکومڕانی تورکیا بگرێتە دەست. بۆ نمونە لە هەڵبژاردنە شارەوانییەکانی ساڵی ١٩٦٣ی تورکیاوە هەرپارتێکی سیاسی توانیبێتی ئیستەنبوڵ بباتەوە، دواتر لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا حوکمی تەواوی تورکیای کەوتوەتە دەست. لەساڵی شەستەکاندا ئەم ئەزمونە بەسەر پارتی (عەدالەت)دا جێبەجێ بوو. لەساڵی حەفتاکاندا ئەم ئەزمونە بۆ (پارتی گەلی کۆماری- جەهەپە) دوبارە بویەوە. ساڵی هەشتاکانیشدا بۆ (پارتی دایک). لەساڵی ١٩٩٤یشدا (پارتی رەفا) لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا توانی بەسەرکردایەتی (رەجەب تەیب ئەردۆغان) شارەوانی ئیستەنبوڵ بباتەوە، دواتر دوای ساڵێک پارتی رەفا توانی هەڵبژاردنە گشتییەکانی تورکیا بباتەوەو (نەجمەدین ئەربەکان)ی سەرۆکی پارتی رەفا بوو بە سەرۆک وەزیرانی تورکیا. جارێکی دیکە لەساڵی ٢٠٠٢ پارتی دادو گەشەپێدان هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیای بردەوەو لەوکاتەشەوە تا ئێستا ١٧ ساڵە، ئاکپارتی بەتەنها فەرمانرەوای تورکیا دەکات.

لە ئێستاشدا جیا لە شارەوانییە گەورەکانی دیکە، کێبرکێی لایەنە سەرەکیەکانی تورکیا بەتایبەتی (ئەکەپەو مەهەپە) لەسەر بردنەوەی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ چڕ بوەتەوە. پارتی دادو گەشەپێدان لەبەر قورسی کێبرکێ کردنی شارەوانی ئیستەنبوڵ (بیناڵی یەڵدرم) سەرۆک وەزیرانی پێشوی تورکیاو سەرۆکی پەرلەمانی ئێستای تورکیای کاندید کردوە بۆ سەرۆکی گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ، بە نوێنەرایەتی هاوپەیمانی گەل. لە لایەکی دیکەشەوە (پارتی گەلی کۆماری- جەهەپە)، (ئەکرەم ئیمام ئۆغلو)ی بەرێکەوتنی لەگەڵ پارتەکانی دیکە لە چوارچێوەی (هاوپەیمانێتی میللەت: پارتی چاک و پارتی سەعادەت)، بەربژێرکردووە. هاوکات (پاتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە) بۆ گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ کاندیدی دیاری نەکردوە. دەگوترێت هەدەپەش لەپێناو شکست هێنان بە ئەکەپەو بیناڵی یەڵدرم، کاندیدی دەستنیشان نەکردوە. بەو پێیەی هەدەپە لەرابردودا نزیکەی ٣ ملیۆن دەنگی لە ئیستەنبوڵدا هێناوە، ئەگەر بێت و دەنگدەرانی هەدەپە دەنگ بدەنە کاندیدەکەی جەهەپە، ئەوا دەکرێت پێشبینی بکرێت بۆ ئەوەی کە کاندیدەکەی جەهەپە دەتوانێ کیبرکێی کاندیدەکەی ئەکەپە بکات. بەڵام هەدەپە شەش پاڵێوراوی بۆ شارەوانییەکانی ناو ئیستانبوڵ دەستنیشانکردوە لەوانەش (باخجلەر، ئەسەنلەر، ئارنەوتکۆی، کاغتانێ، باکرکۆی و کوچوك چەکمەجێ).

چاوەروانیش دەکرێت هەدەپە بتوانێت ئەم شارەوانی ئەم ناوچانەی سەربە ئیستانبوڵ بەدەست بهێنێت. بەو پێیەی لەم ناوچانەدا ئەکەپە خاوەنی نزیکەی ٣ ملیۆن دەنگەو لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیەکانی رابردودا توانیویەتی کاندیدەکانی لەم ناوچانەدا زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنن.

کێبرکێی توندی لایەنەکان لەسەر گەورە شارەوانی ئیستەنبوڵ، وایکردوە تا ئێستا بردنەوەی ئیستەنبوڵ بۆ هیچ لایەنێک یەکلا نەبوبێتەوە. تەنانەت ئەنجامی راپرسییەکانیش کە لەبارەی ئیستەبوڵەوە بڵاودەکرێنەوە، ئەنجامەکان زۆر نزیکن لەیەکدییەوە. بە پێچەوانەوەی دوو پارێزگا گەورەکەی دیکە، کە بەجۆرێک لەجۆرەکان ئەنجامەکان بۆ هاولاتیان تارادەیەک پێشبینی کراوە (ئەنقەرە بۆ ئەکەپە و ئیزمیر بۆ جەهەپە)، بەڵام تا ئێستا لە ئەرزی واقیعدا بردنەوەی ئیستەنبوڵ بۆ هیچ لایەنێک بەتەواوی یەکلانەبوەتەوەو کێبرکێیەکی بەهێز چاوەروانی ئەنجامی ئەم دوو شارەوانیە دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەشێکی زۆر لە بۆچونەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە دواجار پێدەچێ هاوشێوەی رابردو کاندیدەکەی ئەکەپە بتوانێ بەجیاوازییەکی کەم لە کاندیدەکەی جەهەپە بباتەوە.

ئەم بۆچونەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەکەپە لەدوای ساڵی ٢٠٠٢ ەوە تا ئێستا، پێشتریش لەسەردەمی پارتی رەفا لەساڵی ١٩٩٤ کە ئەردۆغان سەرۆک شارەوانی ئیستەنبوڵ بوو. ئەم پارتە توانیویەتی خزمەتێکی ئێجگار باش پێشکەش بەو پارێزگایە بکات. بەتایبەت لە رووی پێشکەوتنی شارستانی و پێشکەشکردنی خزمەتەگوزارییەکان بەهاولاتیانی ئەو شارە لەگشت ئاستەکاندا. ئەمەش وایکردوە کە زۆرێک ئیستەنبوڵ بە پایتەختی دەنگدەرانی ئەکەپە ببینن و پێیان وابێت کە ئەستەمە هاولاتیانی ئیستەنبوڵ پشت لە ئەکەپە بکەن، لەبەرژەوەندی جەهەپە. ئەوەش بەهۆی ئەو پاشخانی خزمەت و پێشخستنەی لەماوەی ١٧ ساڵی رابردودا ئەکەپە پێشکەشی سەرخان و ژێرخانی ئەو پارێزگایەی کروەو تا ئێستاش بەردەوامی هەیە.

| ڕێژەی سەدی دەنگی پارتەکان لە ئیستەنبوڵ | پارتە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨ |
|---|---|
| %42.7 | پارتی دادو گەشەپێدان |
| %26.7 | پارتی گەلی کۆماری |
| %12.7 | پاتی دیموکراتی گەلان |
| %8.3 | پارتی بزوتنەوەی نەتەوە پەرست |
| %8 | پارتی چاک |
| %1.7 | پارتەکانی دیکە |

## ئامارو ڕاپرسییەکان

هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، بۆ ئەم هەڵبژاردنەش دەزگاو سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەو ڕاپرسی لە تورکیادا چەندین ڕاپرسیان ئەنجام داوە، دەربارەی ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و چانسی پارت و بەربژێرەکان بۆ بەدەستهێنانی متمانەی هاوڵاتیان. بەتایبەتی لەگەورە شارەوانیەکانی تورکیادا، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین نمونەی چەند ڕاپرسییەک و ئەنجامەکانیان بخەینە ڕوو:

- **ڕاپرسی ناوەندی لێکۆڵینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی (سامەر)**

ناوەندی سامەر بارەگای سەرەکیان لە شاری ئامەدە، ئەم ناوەندە ڕاپرسییەکی مەیدانی لە ١٦ پارێزگای باکوری کوردستان ئەنجامداوە، دەبارەی دەنگەکانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)و ئەنجامی هەڵبژاردنە خۆجێیەکانی ٣١ ئازاری ٢٠١٩.

ڕاپرسییەکە لە ڕۆژانی ٢تا ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ بە بەشداری دوو هەزار و ٤٠٠ کەس لە شێوەی دیداری ڕاستەوخۆ ئەنجامدراوە.

بە پێی ئەنجامی ڕاپرسیەکەی ناوەندی سامەر، دەنگەکانی کوردو هەدەپە بەبەراورد بە دوایین هەڵبژاردنی خۆجێیەکەی ساڵی ٢٠١٤ بەرێژەی ٦٪ لەم هەڵبژاردنەدا زیاد دەکات. یەکێک لە پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە "ئەمڕۆ هەڵبژاردن بێت دەنگ بە کام پارتی سیاسی دەدەیت؟. ئەنجامەکان بەم جۆرە بون:

هەدەپە 45.7 % دەنگەکانی باکوری کوردستان
ئەکەپە 28.3 %
بڕیاریان نەداوەو یەکلانەبونەوەتەوە 9.7 %
دەنگ نادەن 8 %
جەهەپە 2.9 %
مەهەپە 2 %
ئیی پارتی 1.1 %
هوداپار 1 %

### ❖ راپرسی ناوەندی ئۆراک (ORC)

ئۆراک یەکێکە لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە تورکیاو ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە. ئەم ناوەندە توێژینەوە لە بوارەکانی سیاسی و ئابوریدا ئەنجام دەدات و بەیەکێک لە ناوەندە باوەڕپێکراوەکانی راپرسی دادەنرێت لە تورکیادا.

رۆژی شەمە ٩ ئازاری ٢٠١٩ ناوەندی ئۆراک ئەنجامی راپرسییەکی لە سێ گەورەترین شاری ئەو وڵاتە (ئەنقەرە و ئیستەنبوڵ و ئیزمیر، ئەدەنە، ئەنتاڵیاو ئەسکی شەهیر) بڵاوکردەوە. بەگوێرەی ئەنجامی راپرسیەکەی ئۆراک، (هاوپەیمانی گەل: ئەکەپە و مەهەپە)، لە دوو گەورە پارێزگای تورکیا (ئەنقەرەو ئیزمیر) روبەروی شکست دەبنەوە، ئەمەش بەشێک لە ئەنجامی راپرسیەکە:

- **<u>یەکەم. راپرسی ئەنقەرە:</u>** ئەنجامەکانی بەم جۆرە بووە:

✓ ئەکەپە ٣٨.٩%ی دەنگەکانی ئەنقەرەی بەدەست هێناوە

✓ جەهەپە ٤٣.٤%ی دەنگەکان

✓ خۆیان یەکلانەکردۆتەوە ١٥.٢%ی دەنگدەران

✓ لایەنەکانی تر ٢.٨% دەنگەکان

- **<u>دووەم. راپرسی ئیستەنبوڵ:</u>** ئەنجامەکانی بەم جۆرە بووە:

- ✓ ئەکەپە رێژەی ٥٠.٩%ی دەنگەکانی ئیستەنبوڵی بەدەستهێناوە
- ✓ جەهەپە ٤٦,٦%ی دەنگەکان
- ✓ بریاریان نەداوە ٢.٥%ی کۆی دەنگەکان

- **<u>سێهەم. ئیزمیر:</u>** ئەنجامەکانی بەم جۆرە بون

- ✓ جەهەپە ٥٥.٦%ی دەنگەکانی ئیزمیری بەدەستهێناوە
- ✓ ئەکەپە ٤٢.١%ی دەنگەکان

❖ **راپرسی دەزگای لێکۆڵینەوەی ئۆپتیمار**

ئۆپتیمار دەزگایەکی توێژینەوەی تورکیاو نزیکی ئەکەپەیە، ئەم دەزگایەش دەربارەی ئەنجامی دەنگی پارت و کاندیدی لایەنەکان چەند راپرسیەکی ئەنجامداوە بەدیاریکراویش لە پاریزگاکانی (ئیستەنبوڵ و ئەنقەرە) بەم جۆرە:

- **<u>راپرسیی ئیسەنبوڵ:</u>** لەرێکەوتی ٢٨ کانونی دوەم تا ٢ شوباتی ٢٠١٩ راپرسیەکی روبەڕوی لەگەڵ سێ هەزارو دوازدە کەس ئەنجامداوەو ئەنجامەکانی بەم جۆرە بون:

- ✓ بینالی یەڵدرم (کاندیدی ئەکەپەو هاوپەیمانی گەل): 45.9% دەنگەکان.
- ✓ ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ کاندیدی جەهەپەو هاوپەیمانی میللەت) 41.6% – دەنگەکان.
- ✓ دڵنیانین و یەکلا نەبونەتەوە بۆ دەنگدان 5.12% دەنگەکان

- **<u>راپرسی ئەنقەرە:</u>** لەرێکەوتی ١٤ تا ١٨ کانونی دوەمی ٢٠١٩ راپرسیەکی روبەروی لەگەڵ ٣ هەزار و ٨٨٩ کەس ئەنجامداوەو ئەنجامەکانی بەم جۆرە بون:

- ✓ مەنسور یاڤاش (کاندیدی جەهەپەو هاوپەیمانی میللەت) 42% دەنگەکانی ئەنقەرە
- ✓ محمد ئۆزهاسکی (کاندیدی ئەکەپەو هاوپەیمانی گەل) 31.8% دەنگەکان
- ✓ بریاریان نەداوەو یەکلانەبوەنەتەوە 12.5% دەنگەکان

❖ **راپرسی کۆمپانیای کۆنسیسۆس بۆ لێکۆڵینەوە**

رۆژی ٢١ ئازاری ٢٠١٩ کۆمپانیای کۆنسیسۆسی تورکی ئەنجامی راپرسیەکەی دەزگاکەی بڵاوکردەوە. ئەم دەزگایە لەنێوان ١٢ ئازار بۆ ١٨ ئازار راپرسیەکی لە پارێزگای ئەنقەرە ئەنجامداوە، دەربارەی دەنگدان بە کاندیدی (ئەکەپە یاخود جەهەپە) بۆ گەورە شارەوانی ئەنقەرە، بە بەشداری ١٥٠٠ کەس و ئەنجامەکانی راپرسیەکەش بەم جۆرە بون:

- ✓ مەنسور یاڤاش (کاندیدی جەهەپە و هاوپەیمانی میللەت) 50.4% دەنگەکانی ئەنقەرەی بەدەست هێناوە.
- ✓ محمد ئوزهاسکی (کاندیدی ئەکەپەو هاوپەیمانی گەل) 47.8% دەنگەکانی بەدەست هێناوە.

## ئەنجام

- ✓ ئەم هەڵبژاردنە یەکەم هەڵبژاردنی دوای گۆڕینی سیستەمی سیاسی تورکیایە، بۆیە ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئایندەی ئەم سیستەمە لە تورکیادا، بە ئاراستەی جێگیربونی سیستمەکە لەسەر دەستی ئاک پارتی، یاخود بە ئاراستەی کارکردن بۆ دوبارە گۆرینەوەی سیستەمەکە، بۆ سیستەمی پەرلەمانی لەسەر دەستی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا بەتایبەت، جەهەپە و هەدەپە.
- ✓ دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، لە ئێستادا هەڵبژاردنی شارەوانی بەدووەم هەڵبژاردنی گرنگ لەسەر ئاستی تورکیا دەبیندرێت، هاوکات لەرێگەی ئەنجامەکانییەوە دەکرێت پێشبینی بۆ خولی داهاتوی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەش بکرێت. بە نمونە هەر پارتێک لە هەڵبژاردنەکانی ئازاری ٢٠١٩ براوەی یەکەم بێت، ئەوا چانس و پێشبینی بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیای ساڵی ٢٠٢٣ی زیاتر دەبێت، لەپارتەکانی دیکە.
- ✓ بردنەوەی شارەوانییە گەورەکان لەهەڵبژاردنەکاندا، زامنی سەرکەوتنی پارتەکانە لە ئەنجامی گشتی هەڵبژاردنەکەدا، بۆ نمونە بردنەوەی شارەوانی گەورەی ئیستەنبوڵ، بۆ پارتەکانی تورکیا گرنگی تایبەتی هەیە، بەدیاریکراویش بۆ (ئاک پارتی و جەهەپە) کە کاندیدەکەی هەردو پارت رکابەری سەرەکی بەدەستهێنانی ئەم شارەوانیەن. بەواتا هەریەکێک لەم دوپارتە بتوانن شارەوانی گەورەی ئیستەنبوڵ ببەنەوە، ئەوا وەک براوەی هەڵبژاردنەکە خۆیان نیشان دەدەن. بێشک شارەوانیە گەورەکانی دیکەی وەک (ئەنقەرەی پایتەخت و ئیزمیر ...) گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام دواجار ئیستەنبوڵ هەمیشە بە خاڵی یەکلاکەرەوەی هاوکێشەی هەڵبژاردنەکان لە تورکیادا دەبیندرێت.
- ✓ جیا لەئەنجامی راپرسییەکان، بەشێوەیەکی گشتی لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکانی ئەمجارەدا پێنج پارتی سەرەکی تورکیا (ئاک پارتی، جەهەپە، مەهەپ، ئیی پارت). لەسەر ئاستی ئەم ریزبەندییە چانسی سەرکەوتنیان هەیە، لە بەدەستهێنانی زۆرترین پۆستە شارەوانیەکان لە تورکیادا. پشت بەست بەئەنجامی راپرسییەکانیش پێشبینی دەکرێت، لەسەر ئاستی شارەوانیە گەورەکانی تورکیا، ئاکپارتی لە پلەی یەکەم بێت و دوای ئەوەیش جەهەپە، هەدەپەش لەسەر ئاستی شارەوانیەکانی باکوری کوردستان

لەپلەی یەکەمدا دەبێت و لەسەر ئاستی تورکیاش چانسی هەیە لەپلەی سێهەمدا بێت. دوای ئەمانیش مەهەپەو ئی پارتیش لەپلەکانی دیکەدا دەبن.

- ✓ لەم هەڵبژاردنەدا پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بە نوێنەرایەتی حەوت پارتی دیکەی باکوری کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات. هەدەپە لە ئێستادا لەرێی کورسی پەرلەمانییەوە بە سێهەم گەورەترین پارتی تورکیا هەژمار دەکرێت، لێرەشەوە چاوەروان دەکرێت کە هەدەپە بتوانێ جیاواز لە ئەزمونی پارتە کوردییەکانی دیکەی وەک (هادەپ، دەهەپە، دەتەپە، دەبەپە) کە لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردودا بەشداری هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیایان کردوە، زۆرترین رێژەی دەنگ و شارەوانییەکانی باکوری کوردستان و تورکیا بباتەوە.
- ✓ لەم هەڵبژاردنەدا هەدەپە زیاتر ئامانجی بردنەوەی شارەوانیەکانی باکوری کوردستانە، لەسەر ئاستی تورکیاش ئامانجی شکست هێنانە بەهاوپەیمانی گەل (ئەکەپەو مەهەپە)، لەو پێناوەشدا کاندیدی بۆ بەشیک لەشارەوانیە گەورەکانی خۆرئاوای تورکیا دیاری نەکردوە، تا بەپشتگیریکردنی کاندیدەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە بتوانێ رۆڵ ببینێت لەشکستهێنان بە ئاکپارتی و مەهەپەی هاوپەیمانی.
- ✓ چارەسەرنەبون و هەڵواسراوی پرسی کورد لە تورکیادا، هاوتای تێکچونی پەیوەندییەکانی ئاکپارتی و هەدەپە لە قۆناغی ئێستادا. هۆکارە بۆ ئەوەی چاوەڕوان بکرێت لەچوارساڵی داهاتودا پرسی قەیوم زیندوبێتەوەو هاوشێوەی ساڵانی رابردوو. واتە دوبارە دۆسیەی تیرۆر لەدژی سەرۆک شارەوانیەکانی کورد لەباکوری کوردستان بکەنەوەو لەورێگایەوە لەکار دوریانبخەنەوە. یاخود کێشەو ئاستەنگی سیاسی و ئیداری و داراییان بۆ دروست بکەن. هەموو ئەم گومانانەش لەوێوە سەرچاوە دەگرن، کە پاش گۆرینی سیستەمی سیاسی تورکیا، پرسی بەرپرسیارێتی شارەوانیەکان، راستەوخۆ خرایە ژێردەستی سەرۆک کۆماری تورکیا، سەرۆکیش هەرکات خواستی لەسەربێت، لەم بارەیەوە دەتوانێ دەسەڵاتی لێپرسینەوەو پاداشت و سزا بەرامبەر شارەوانیەکان بەکاربهێنێت. بەپێچەوانەشەوە هەر بەرەوپێشچونێک لەچارەسەری پرسی کورد لەتورکیا، کاردەکاتە سەر باشبونی پەیوەندیەکانی نێوان پارتی

دەسەڵاتدارو پارتە کوردیەکانی تورکیا. بێگومان ئەم دۆخەش بە ئیجابی بۆ شارەوانیەکانی باکوری کوردستان لە تورکیادا دەشکێتەوە.

- ✓ لەم هەڵبژاردنەدا دوو سیناریۆ چاوەروان دەکرێت، سیناریۆی یەکەم خۆی لە بردنەوەی بەرەی هاوپەیمانی گەل (ئەکەپە و مەهەپە) دا دەبینێتەوە. سیناریۆی دوەمیش خۆی لەسەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانی میللەت (جەهەپە و ئیی پارت) و هێزەکانی دیکەی وەک هەدەپەدا دەبینێتەوە. بێگومان بردنەوەش لەم هەڵبژاردنەدا، بەواتای بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی تورکیا، لەروی رێژەو ژمارەو بردنەوەی شارەوانیەکان، بەتایبەتی شارەوانیە گەورەکانی تورکیا.

سیناریۆی یەکەم، واتە بەردەوامیدان بە حوکمڕانی و سەرکەوتنەکانی هەدەپە کە ١٧ ساڵە لە تورکیادا بەردەوامی هەیە، لەبەرامبەر شکستێکی دیکە بۆ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا. بردنەوەی ئاکپارتی لەم قۆناغەدا هۆکار دەبێت بۆ رەگ داکوتانی سیستەمی سەرۆکایەتی لە تورکیادا. هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش ئەمە بە مەترسی دەبینن بۆ ئایندەی تورکیا. لەروی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە. لەحاڵەتی رودانی سیناریۆی دوەمدا، کە ئەگەرو چانسی روداني دورترە لە سیناریۆی یەکەم. واتە لەحاڵەتی بردنەوەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیشدا، چاوەروانی دوو ئەگەر دەکرێ. ئەگەرێکیان پێدەچێ دۆخێک لەتورکیادا بێتە کایەوە هاوشێوەی ئەو دۆخەی دوای هەڵبژاردنەکانی ٧ حوزەیرانی ٢٠١٥ هاتە گۆڕێ. بەتایبەت پاش شکستهێنانی ئاکپارتی لەو هەڵبژاردنەدا. لەبەرامبەردا پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی وەک هەدەپە توانی ٨٠ کورسی پەرلەمانی لەسەر حسابی ئاکپارتی بەدەستبهێنێت. لەبەرامبەردا هیچ پارتێکی تورکیاش نەیتوانی زۆرینەی پەرلەمانی مسۆگەر بکات، ئەم دۆخەش چوار مانگ بەردەوامی هەبوو، تا دواجار حکومەتی تورکیا بریاریدا بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لەتورکیادا. ئەوەبوو سەرئەنجام ئاکپارتی توانی لەو هەڵبژاردنەدا زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنیتەوە. بۆیە ئەگەری دوبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن لەم سیناریۆیەدا چاوەروانکراوە. ئەگەری دوەمیش واتە ئاکپارتی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن قبوڵ بکات، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئۆپۆزسیۆن دوای ١٧ ساڵ توانی هەژمونی ئاکپارتی روەو کەمبونەوە ببات، دەشکرێ ئەم ئەنجامەو سەرکەوتنی ئەدائی چوار ساڵی داهاتوی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لەشارەوانیەکاندا، ببێتە پاشخانێکی گرنگی ئامادەسازی ئەم لایەنانە، بۆ

هەڵبژاردنە گشتییەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی تورکیای ٢٠٢٣ و بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی دیکە.

- ✓ خراپی دۆخی ئابوری تورکیاو دابەزینی بەردەوامی بەهای لیرە بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی لە قۆناغی ئێستادا، هۆکارە بۆ پێشبینیکردنی خراپتربونی دۆخی ئابوری تورکیا لەداهاتودا. بەپێچەوانەشەوە لەگەڵ هەنگاونان رووەو چارەسەری قەیرانە سیاسیەکانی تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆو پەیوەندییەکانی دەرەوەی تورکیا، هۆکار دەبن بۆ هێنانە ئارای سەقامگیری سیاسی و ئابوری و سەربازی لەو وڵاتەدا. بێگومان ئەمەش رەنگدانەوەی خۆی لەسەر دۆخی ئابوری تورکیا بەجێدەهێڵێ و ئابوری تورکیا رووەو بوژانەوە دەروات و بەرزبونەوەی بەهای لیرەش دەبێتە ئەگەرێکی حەتمی. بەڵام بەم سیاسەتانەی ئەم قۆناغەی ئێستاوە، ئاسۆی چارەسەری کێشە ئابوریەکانی تورکیا دیارنییەو شارەزایانی ئابوریش پێشبینی زیاتر دابەزینی بەهای لیرەو خراپتربونی دۆخی ئابوری تورکیا دەکەن، لەماوەی داهاتودا. بەتایبەت دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنە شارەوانیەکانی تورکیا لە ٣١ ئازاری ٢٠١٩دا.

## سەرچاوەکان

### کتێب و نوسراوی کوردی


١. محمد فاتح، پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان لە تورکیا، (١٩٢٣-٢٠٠٣)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٦.
٢. گەیلان عەباس، گۆڕانکارییەکانی تورکیاو کاریگەرییان لەسەر پێگەی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی بنکەی ژین، ٢٠١٨، سلێمانی.
٣. گەیلان عەباس، هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی تورکیا ٢٤ حوزەیرانی ٢٠١٨، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆران، سلێمانی ٢٠١٨.
٤. گەیلان عەباس، خەباتی پەرلەمانی کورد لە تورکیا، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆران، سلێمانی ٢٠١٧.


### کتێب و نوسراوی عەرەبی


٥. محمود سمري الرنتييسى، النتخابات البلدية الرتكية: تداعيات تتخطى املحي، املركز العريب ّ لألبحاث ودراسة السياسات، قطر، ١٩ مارس ٢٠١٩.
٦. منصور عبد الحكيم، تركيا من الخلافة إلى الحداثة، دار الكتاب العربي، لبنان، ٢٠١٣.
٧. الدكتور احمد نورى النعيمى، النضام السياسى فى التركيا، دار الزهران للمشر و التوزيع، عمان،٢٠١١.
٨. محمد نوردين، تركيا ـ الجمهورية الحائرة، مركز الدراسات الإستراتيجية والبحوث والتوثيق، لبنان، ١٩٩٨.
٩. د.طارق عبدالجليل، العسكر و الدستور فى التركيا (من القبضة الحديدية الى دستور بلا عسكر)، الطبعة الثانية، دار نهضة مصر للنشر، مصر، ٢٠١٣.
١٠.دستور تركيا الصادر ١٩٨٢ شاملاً تعديلاتة لغاية ٢٠١١، ترجمة المؤسسة الدولية للديموقراطية و الأنتخابات، ٢٠١٥.
١١. "جنكيز اكتار، الديمقراطية" التركية في ميزان الانتخابات البلدية، مجلة العرب، العدد ١١٢٣٣، ١٩-١-٢٠١٩ـ ص٨.


### ماڵپەڕە کوردییەکان


١٢.ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی ڕێکلامی هەڵبژاردنی هەدەپە دەگیرێت، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=36200

١٣.بەرپرسێکی هەدەپە لەکاتی کۆبوونەوەی پارتەکەدا دەستگیرکرا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=35936

١٤.پۆلیسی تورکیا دەرگای باڵەخانەی سەرەکی هەدەپەی شکاند و چووە ژوورەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=35824

١٥. هەدەپە نیگەرانە لە گواستنەوەی شوێنی دەنگدانی ٢٧٠ هەزار کەس، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/13032019

١٦.بارودۆخی تورکیا دوای کودەتای ١٩٨٠ ، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://govarikoch.com/Detail.aspx?id=552&LinkID=7

١٧.داخستنی دەتەپە؟!، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://archive.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=354&cat=1&title=1

١٨.دەتەپە بەناوی پارتی ئاشتی و دیموکراسیەوە کاری سیاسی خۆی دەکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://archive.sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=22402&cat=1

١٩. هەدەپەو هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، د.سەلام عەبدولکەریم، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.awene.com/article?no=228&auther=143
٢٠. یەکەمین هەڵبژارنی شارەوانییەکانی تورکیا لەسایەی سیستەمی سەرۆکایەتیدا، د.سەلام عەبدولکەریم، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.zhyan.co/detailnews.aspx?jimare=8510&cor=6&related=2&fbclid=IwAR1e589TMtaHc9yCXuzbLt4awMUxU7H9Ch9eLcKD1Wf36FsPuuuDEH9JgR4

٢١. ناوی تەواوی کاندیدانی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=68674&Jor=1

٢٢. ئەردۆغان: "بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پێویستە لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنین"، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%

٢٣. راپرسییەک؛ دەنگی هەدەپە لە باکووری کوردستان لە ٦% زیادی کردووە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/030120199

٢٤. ئەردۆغان کەسایەتییە بەهێزەکانی پارتەکەی دەخاتە گرەوی هەڵبژاردنەکانەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://hawlati.co/page_detail?smart-id=6216

٢٥. هەدەپە لە ئیستەنبووڵ خۆپیشاندان ئەنجامدەدات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/03022019

٢٦. بەدەپە خۆی بە براوەی سەرەکیی هەڵبژاردن دەزانێ، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.nnsroj.com/detiles.aspx?id=6920&ID_map=23

٢٧. هەدەپە خۆی بۆ شکستپێهێنانی قەیومەکان ئامادە دەکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://hawlati.co/page_detail?smart-id=5409

٢٨. تورکیا: نزیکەی ٦٠ ملیۆن کەس بەشداریی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەکەن، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://kurdpress.com/ku/details.aspx?id=43428

٢٩. لە هەڵبژاردنەکانی ٣١ی ئاداردا ١٧ پەرلەمانتار کاندیدن بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانییەکان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%B1%D9%

٣٠. ریزبەندی پارتە سیاسییەکانی تورکیا بۆ هەڵبژاردنەکانی شارەوانی دیاریکرا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%B1%D9%

٣١. تورکیا: نزیکەی ٦٠ ملیۆن کەس بەشداریی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەکەن، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://kurdpress.com/ku/details.aspx?id=43428&fbclid=IwAR3gPb96bUheK-rvFPr_1_VXWtI18yxteWyurW1cIQn7TPicw7z1Q82KF9Q

٣٢. دەنگدەرانی هەدەپە لە رۆژئاوای تورکیا زیاترن بەراورد بە باکووری کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/060220191?fbclid=IwAR25JZyJfilfR8faVCwCWr2bWfgJor2kZtHGlG1jmu7wFy6cOZuOQCK6N3I

٣٣. کاندیدانی هەدەپە: ئێمە دەیبەینەوە، قەییمچییەکان دەڕۆن، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=34502&fbclid=IwAR1EUQA4fb7n-rLCqsrtAN-4VLdPzOTSmnhBpcH9Massyr3dNKSv_tQPlTo

٣٤. هەڵبژاردنی شارەوانی لە تورکیا بۆ ساڵی ٢٠١٩، پێگەی ئەلیکترۆنی:

http://knwe.org/?p=36051

٣٥. هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیا ٢٠١٩) بەربژێرەکانی هەدەپە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://knwe.org/?p=36457

٣٦. شوێنی دەنگدانی دەیان هەزار دەنگدەر لە تورکیا گۆڕدراوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/18022019

٣٧. حکومەتی تورکیا ٢٥ بەربژێری هەدەپە بە تیرۆر تۆمەتبار دەکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=35074

٣٨. ناوچەی خۆڵەمێشیو بایکۆتی دەنگدان لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیادا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://zhyan.co/detailnews.aspx?jimare=9862&cor=6&related=2

٣٩. هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیا (٢٠١٩(ئیستانبوڵ، وەك ناوەندێکی گرنگ و فرە رەهەند، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://knwe.org/?p=37394

٤٠. هەدەپە لە ٤٩ شاری تورکیا بەربژێری نییە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/23022019

٤١. دامەزراوەی باڵای هەڵبژاردن: "کارتەکانی دەنگدان ئامادەن" ، پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%B1

٤٢. بە ژمارەی دانیشتوانییەوە ئیستانبوڵ پێش ١٣١ وڵات دەداتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%D9%88%D8%B1%...

٤٣. تورکیا بە یاسای قەیوم سەرۆک شارەوانییەکانی تورکیا دووردەخرێنەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/18082016

٤٤. هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، ئاووهەوای هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=36176

٤٥. کابوسی قایوم هەڕەشە لە کورد دەکاتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://www.peyserpress.com/detail/1522

٤٦. هەدەپە لە ٥٠ پارێزگای تورکیا بەربژێری نییە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/010320191

٤٧. هاوسەرۆکی هەدەپە: کاردەکەین بۆ بونیاتنانی کۆمارێکی دیموکرات
http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/120320195

## ماڵپەرە عەرەبییەکان


٤٨. 11سؤالًا وجوابًا عن انتخابات تركيا المحلية ٢٠١٩؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/58952?fbclid=IwAR2a2uVTog0JEb4Qc6pNYC67uBPzpSqtB0c5RuL1b58R6eAzBbsbX6r4PYI

٤٩. حزب الشعوب الديمقراطي؛ على الموقع:
http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2014/10/12/%D8%...
https://www.turkpress.co/node/48976

٥٠. ما بين التحالف والاقصاء.. استعداد تركيا للانتخابات البلدية؛ على الموقع:
http://www.acrseg.org/41153?fbclid=IwAR2KUuH54kgzjwzJwnUu_LZYZAGX0h-X9xK4B8l-Dc1EdUNxYwy6jDkbDaA

٥١. ما يجب أن تعرفه عن التعديلات الدستورية التركية ؛ على الموقع:
https://www.alaraby.co.uk/amp//politics/2017/4/15/%D9%85...

٥٢. أردوغان: يجب أن نحقق انتصارا في الانتخابات لضرب الإرهاب؛ على الموقع:
https://www.aa.com.tr/ar/%D8%AA%D8%B1%D9%83...

٥٣. حزب العدالة والتنمية التركي.. النشأة والانجازات؛ على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/12544

٥٤. تاريخ الأحزاب السياسية الكردية في تركيا، على الموقع:
http://www.turkpress.co/node/9827

٥٥. البطالة في تركيا بأعلى مستوياتها منذ ٢٠١٠، على الموقع:
https://www.skynewsarabia.com/business/1236007-%D8%A7%

٥٦. برلمان بلا صلاحيات في نظام رئاسي جديد، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/%D8%A8%D8%B1%D9%84%D9%

٥٧. الانتخابات البلدية ومستقبل "نظام الوصاية" في تركيا، على الموقع:
https://al-ain.com/article/turkey1

٥٨. الانتخابات المحلية في تركيا.. تحالفات متجددة وتنافس على البلديات الكبرى، على الموقع:
https://www.trtarabi.com/now/%D8%A7%D9%84%D85

٥٩. الانتخابات المحلية في تركيا وأهميتها، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/58454

٦٠. تركيا.. احتمالات خسارة "العدالة والتنمية" كبرى المدن في الانتخابات المحلية، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/58587

٦١. المشاركة في الانتخابات البلدية القادمة في تركيا، على الموقع:
https://www.noonpost.com/content/26879

٦٢. شهرٌ يفصل ناخبي تركيا عن الانتخابات المحلية، على الموقع:
https://www.turkpress.co/node/58374

٦٣. حزب الشعوب الديمقراطي قد يفوز بعدد أكبر من البلديات، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/%D8%AD%D8%B2%D8%

٦٤. البطالة في تركيا في أعلى مستوياتها منذ ٢٠١٠، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/%D8%A7%D9%84%D8%A8

٦٥. تركيا.. حرمان آلاف السجناء من التصويت في الانتخابات البلدية التركية ٢٠١٩، على الموقع:
https://www.zamanarabic.com/2018/12/31/%D8%AA%D8...

٦٦. في الانتخابات البلدية التركية .. "أردوغان" الوصي الوحيد، على الموقع:
http://www.roayahnews.com/articles/2019/01/03/7484/%D9%81%...

٦٧. ربع مليون شخص في سجون تركيا.. وانتهاكات صارخة بحق معتقلين، على الموقع:
https://www.skynewsarabia.com/world/1215029-%D8%B1%D8...

٦٨. 53ألف سوري يمكنهم التصويت في انتخابات تركيا المحلية، على الموقع:
https://www.aa.com.tr/ar/%D8%AA%D8%B1%D9%83...

٦٩. فوارق ضئيلة في إسطنبول وأنطاليا واسكي شهير، شركة إحصاء تركية تستطلع نتائج الانتخابات البلدية المقبلة، على الموقع:
https://www.enabbaladi.net/archives/285775

٧٠. مراكز أبحاث تركية تستطلع نتائج الانتخابات البلدية المقبلة، على الموقع:
https://www.enabbaladi.net/archives/284405

٧١. استطلاع رأي: المعارضة تتقدم على الحزب الحاكم في عاصمة تركيا، على الموقع:
...https://www.zamanarabic.com/2019/03/21/%D8%A7%D8

٧٢. الأكراد بين كمال أتاتورك ورجب طيب أردوغان... من ١٩٢٠ إلى ٢٠١٥، على الموقع:
http://www.alhayat.com/Articles/9492901...

٧٣. نتائج الانتخابات البلدية في تركيا...بقلم :هوزان أمين، على الموقع:
http://www.semakurd.net/article/%D9%86%D8...

٧٤. المأسئلة الكردية بعد انقلاب ١٩٨٠ ، على الموقع:
http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Siasia21/Akrad/sec072.htm

٧٥. تركيا.. مسار تاريخي، على الموقع:
http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages...

٧٦. هذه الأحزاب ستخوض انتخابات البلديات التركية ٢٠١٩، على الموقع:
https://www.zamanarabic.com/2019/01/02/%D9%87%D8%B0%

٧٧. الانتخابات البلدية التركية: التنافس على تغيير أوجه المدن، على الموقع:
https://www.noonpost.com/content/25566?fbclid=IwAR1DqZ4_7krdOEGOKvKMDlAnNaS5TCegRLvNhUVSwDaMyb80ZipXcR9xZfE

٧٨. الانتخابات البلدية التركية: التنافس على تغيير أوجه المدن، على الموقع:
https://www.noonpost.com/content/25566?fbclid=IwAR1DqZ4_7krdOEGOKvKMDlAnNaS5TCegRLvNhUVSwDaMyb80ZipXcR9xZfE

٧٩. الأكراد في الانتخابات التركية، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/dd5beaa6-f80d-4b02-90e3-15eb772e1940

٨٠. الانتخابات المحلية التركية بنكهة اقتراع رئاسي: عودة المعسكرين الكبيرين، على الموقع:
https://www.alaraby.co.uk/politics/2018/12/8/%D86

٨١. حزب الشعوب الديمقراطي، على الموقع:
http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2014/10/12/%D8%...

.٨٢ تركيا... انتخابات على قرع طبول الحرب، على الموقع:
https://arb.majalla.com/node/65821/%D8%AA%D8%B

## ماڵپەرو نوسراوە ئینگلیزییەکان

83. The 2017 Constitutional Referendum in Turkey, APRIL 2017
84. CHP or AKP? Istanbul's Beyoğlu divided on upcoming vote, at the site:
https://ahvalnews.com/turkey-local-elections/chp-or-akp-istanbuls-beyoglu-divided-upcoming-vote
85. Turkey's Kurds celebrate new year, brace for election, at the site:
https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2019/03/turkey-kurds-new-year-election.html
86. Parti Programı, HALKLARIN DEMOKRATİK PARTİSİ PROGRAMI: , at the site:
http://www.hdp.org.tr/parti/parti-programi/8
87. Will the Alliance Between the CHP and Iyi Party Work? , at the site:
https://thenewturkey.org/will-the-alliance-between-the-chp-and-iyi-party-work
88. New People's Democratic Party (HDP) in Turkey hopes to unite socialists and Kurdish opposition, at the site:
http://www.organizedrage.com/2013/11/new-peoples-democratic-party-hdp-in.html
89. Continuing Alliances in Turkey's 2019 Local Elections, at the site:
https://thenewturkey.org/continuing-alliances-in-turkeys-2019-local-elections

## ماڵپەرو نوسراوە تورکییەکان

90. Beyannameya Halbjartinin Heremy ia 2019, BAJAR IRADE SERKEFTIN, at the site:
https://www.hdp.org.tr/images/UserFiles/Documents/Editor/YerelBildirge2019-Kurtce.pdf
91. Belediye Başkan Adaylarımız
https://www.hdp.org.tr/tr/guncel/belediye-baskan-adaylarimiz/12954
92. Parti Programı, HALKLARIN DEMOKRATİK PARTİSİ PROGRAMI:
http://www.hdp.org.tr/parti/parti-programi/8
93. HDP; at the site
http://www.haberturk.com/kurum/hdp
94. Temelli: HDP çaresizliğe son vermek için Türkiye halklarına seçenek sunmuştur, umut sunmuştur; at the site
https://www.hdp.org.tr/tr/guncel/haberler/temelli-hdp-caresizlige-son-vermek-icin-turkiye-halklarina-secenek-sunmustur-umut-sunmustur/12989
95. 2014 YEREL SEÇİM SONUÇLARI, at the site
https://secim.haberler.com/2014/
96. Kerestecioğlu: Bölgede kazanacağız, batıda güç kaybettireceğiz, at the site
https://www.dw.com/tr/kerestecio%C4%9Flu-b%C3%B6lgede-kazanaca%C4%9F%C4%B1z-bat%C4%B1da-g%C3%BC%C3%A7-kaybettirece%C4%9Fiz/a-48055141
97. Yerel seçimde kullanılacak oy pusulası belli oldu, at the site
https://www.yenisafak.com/gundem/yerel-secimde-kullanilacak-oy-pusulasi-belli-oldu-3450774

98. **YSK 31 Mart'ta Kullanılacak Oy Pusulalarını Yayınladı, at the site**
http://www.gazetenizolsun.com/guncel/ysk-31-mart-ta-kullanilacak-oy-pusulalarini-yayinladi-h30634.html

99. **YSK 31 Mart'ta Kullanılacak Oy Pusulalarını Yayınladı, at the site**
https://www.haberler.com/son-dakika-ysk-31-mart-ta-kullanilacak-oy-11822928-haberi

100. **Partilerin oy pusulasındaki sıralaması belli oldu — İşte 31 Mart 2019 yerel seçimleri oy pusulası parti sırası (Videolu) , at the site**
http://www.gunes.com/gundem/partilerin-oy-pusulasindaki-yeri-belli-oluyor-949399